**توماس ترانسترۆمەر**

نێوان دێڕەکان بخوێنەوە

# نێوان دێڕەکان بخوێنەوە

بژاردەیەک لە شیعرەکانی

## توماس ترانسترۆمەر

وەرگری "خەڵاتی نوبێل" ٢٠١١

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
ب. گ. رۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی چالاکی ویژەیی - هەولێر

ناوی کتێب: نێوان دیڕەکان بخوێنەوە
نووسەر: توماس ترانسترۆمەر
بابەت: شیعر
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی
دیزاین و بەرگ: ڕزگار شێخانی
چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٣
تیراژ: ٥٠٠ دانە
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (٦٥٠) ی ساڵی ٢٠١٣ پێدراوە.
لە چاپخانەی ( دارا ) چاپکراوە
Omslagsfoto: Ulla Montan

## پێڕست


مێدیتاسیونی پەشۆکاو ٩

بەردەکان ١٠

ئەو کە بە گۆرانیی سەربانان بێدار بووەوە ١١

کەشپێوەر ١٢

ئیزمیر سەعات سێ ١٣

نهێنی بە رێگاوە ١٥

Kyrie ١٦

خەونی بالاکیرێڤ ١٧

دوای پەرکەمگرتن ٢٠

ژنومێردەکە ٢٢

درەخت و ئاسمان ٢٣

زرنگە ٢٤

نۆتەی C – ٢٥

کۆشک ٢٧

دیلتای نیل ٢٩

Lamento ٣٠

Nocturne ٣٢

شەوێکی زستان ٣٤

لیسابۆن ٣٦

هاوکێشەکانی زستان ٣٧

لەبارەی مێژووەوە ٤٠

ژووری کراوە و داخراو ٤٣

موسیقای هێور ٤٤

ناو ٤٥

پەنجەرە والاکە ٤٦

بۆ هاوڕێیانی ئەو دیوی سنوورێک ٤٨
لە خاکەوە ڕوانیین ٤٩
ئێوارەی دیسەمبەر – ١٩٧٢  ٥٠
غەزەل ٥١
بەلەم _ گوند ٥٢
چیایە ڕەشەکان ٥٣
لە ئاداری ١٩٧٩  ٥٤
یادەوەرییەکان دەمبینن ٥٥
نیگای زستان ٥٦
وێستگە ٥٧
هەزارونۆسەد و هەشتا ٥٨
پۆستکارتی ڕەش ٥٩
ئاگرنەخش ٦٠
زۆر هەنگاو ٦١
مولوکای ٦٢
کاپتنە لەبیرکراوەکە ٦٣
تاقی ڕۆمانی ٦٦
Air Mail  ٦٧
MADRIGAL  ٦٩
نیسان و بێدەنگی ٧٠
مەملەکەتی نائارامی ٧١
پەڕەی کتێبی شەو ٧٢
دەشتی بە خۆر ٧٣
لە تەمووزی  ١٩٩٠ دا ٧٤
دوو شار ٧٥
ڕووناکی بەخوڕ دێتە ژوورەوە ٧٦
سەفەری شەوانە ٧٧

شەوی یەڵدا ٧٨
کێوی هەڵۆیان ٧٩
نوڤێمبەر ٨٠
بەفر دەبارێ ٨١
ئیمزا ٨٢
تۆ جیهانی ئێمەت زۆر دەوڵەمەندتر و زۆر زۆر گەورەتر کردووە ٨٣

## مێدیتاسیونی پەشۆکاو

له تاریکیی شەودا ڕەشەبایەک پەروانەکانی ئاشەکە
بێپەروا دەخولێنێتەوە، هیچ ناهاڕێت. — تۆ
له لایەن هەمان قانوونەوە بێدار دەکرێیت.
بەرسکی قڕشی خۆڵەمێشی چرای کزتە.

یادەوەرییە کزەکان ڕۆدەچنە قووڵایی دەریا و
لەوێ ڕەقهەڵدەگەڕێن و دەبنە پەیکەری نەناسراو.
دارشەقت بە قەوزە کەسکە. ئەوکەسەی گەشتی دەریا بکات
بە ڕەقهەڵاتوویی دەگەڕێتەوە.

# بەردەکان

ئەو بەردانەی کە هاویشتمان گوێم لێیانە
بکەون، بەدرێژایی ساڵان ڕوونن. لە دۆڵەکەدا
کردارە سەرلێشێواوەکانی ساتەوەخت
لە چڵەپۆپێکەوە بۆ چڵەپۆپێکی تر
بە زیقەزیق دەفڕن
لە هەوایەکی سووکتر لە هیی ئێستا بێدەنگ دەبن،
وەک پەڕەسێلکە لە لووتکەیەکەوە
بۆ لووتکەیەکی تر دەخزن، هەتا دەگەنە
سەر بەرزاییەکانی درێژایی سنووری بوون.
لەوێ هەموو ڕەفتارەکانمان
بە ڕوونی بەرەو هیچ بنێک نا
بێجگە لە خۆمان
دەکەون.

**ئەو کە بە گۆرانیی سەربانان بێدار بووەوە**

بەیانی، بارانی مایس. هێشتا شار
وەک کۆخێک ئارامە. شەقامەکان ئارامن. لە ئاسمانیش
مەکینەی فڕۆکەیەک سەوزی کاڵ گڕەگڕ دەکا. -
پەنجەرە والایە.

خەونی ئەو شوێنەی نووستووەکە تیایدا پاڵکەوتووە
ڕوون دەبێت. ئەو دەجوولێ،
نزیکەی لە فەزادا بە دوای کەرەستەی سەرنجدانەوە -
دەست بە لەپکوتان دەکات.

## کەشپێوەر

دەریای ئۆکتۆبەر بە پوولەکەی سەرابییەوە
سارد دەبریسکێتەوە.

هیچ شتێک نەماوە، کە وڕوکاسیی سپیی
پێشبڕکێیەکانی کەشتیی چارۆکەداری لە بیر بێ.

ڕووناکییەکی شیلەی هەنگوینی بە سەر گوندەوەیە.
هەموو دەنگەکانیش لە کۆچێکی لەسەرخۆدان.

هیرۆگلیفیی کەڵلەی سەگێک لە هەوادا
بە سەر باخچەوە کێشراوە

لەوێ میوەی زەرد
فێڵ لە درەخت دەکا و خۆی دەوەرێنێ.

## ئیزمیر سەعات سێ

هەر لە بەر دەمم، لەسەر شەقامە مەیلەو چۆڵەکەدا
دوو سواڵکەر، یەکێکیان بێ پێ ــ
ئەویتر لەپشتی کردبوو و دەیگێڕا.

وەستان- وەک لە نیوەشەودا لەسەر ڕێگەیەک، ئاژەڵێک
نابیناکراو وەستاوە و لە چرای ئوتومبیل دەڕوانێ -
ساتێک و پاشان پێهەڵدەگرێ.

وەک کوڕیژگەی گۆڕەپانی قوتابخانان دەڕۆیشتن،
بە پەلە لە شەقام پەڕینەوە، کە هێشتا دەمژمێری بێژماری
گەرمای دوای نیوەڕۆ، لە بۆشاییەکان چرکەچرکیان دەکرد.

شین بە پرتەپرت بە پانی ڕەتبوو.
ڕەش بە لە ناو بەرد دیقەتدانەوە، هەڵکورما و بچووک بووەوە.
سپی لەناو چاودا بوو بە گەردەلوول.

که سەعات سێ لەبن سمان پەسترایەوە و
تاریکایی ڕمبەی لە دیواری ڕووناکی دەهێنا
شار لە بەردەرگەی دەریادا هەڵکورمابوو و

لە بەرچاوی سیسارکێکدا دەدرەوشایەوە.

## نهێنی بە ڕێگاوە

ڕووناکی لە ڕووخساری کەسێکی دەدا کە نووستبوو.
خەونێکی بزێوتری بینی
بەڵام بێدار نەبۆوە.

تاریکی لە ڕووخساری کەسێکی دەدا
کە لە ناو خەڵک لە بەر تیشکی
بەتین و بێئارامەکانی هەتاودا دەڕۆیشت.

لەناکاو، وەک کە ڕێژنەیەک دابکا، تاریک داهات.
من لە ژوورێک وەستابووم، کە جێگەی هەموو ساتێکی تێدا بوو –
مۆزەخانەی پەپوولە.

کەچی خۆر هەر وەک جاران بەتینە.
فلچە بێئارامەکانی جیهانیان دەنەخشاند.

## *Kyrie*

هەندێجار ژیانم لە تاریکیدا چاوی هەڵدەهێنا.
هەستێک وەک ئەوەی حەشاماتی خەڵک بە نابینایی و
نائارامییەوە بەسەر شەقامەکاندا بۆ پەرجوویەک دەڕۆن و
منیش بە نەبیندراوی دەمێنمەوە.

وەک ئەو منداڵەی بە ترسەوە
بە گوێگرتن لە کوتەکوتی دڵەوە زۆر دەنوێ.
زۆر، تا بەیانی تیشکەکانی دەخاتە ناو قوفڵەکان و
دەرگەکانی تاریکی دەکرێنەوە.

: Kyrie
دوعا و نزایەکە لە ئایینی مەسیحیدا. لە "کیریالێسون"ی گریکییەوە هاتووە، واتە: "خودایە بەزەییت هەبێ".

## خەونی بالاکیرێڤ

(١٩٠٥)

پیانۆ ڕەشەکە، ئەم جاڵجاڵۆکە بە ڕەونەقە
بە لەرینەوە لە ناو تەونی مۆسیقایدا خۆی گرتووە.

لە هۆلی کۆنسێرتەکەدا دەشتێک دیار کەوت
لەوێ بەردەکان لە ئاونگ گرانتر نەبوون.

بەڵام بالاکیرێڤ لە کاتی مۆسیقاکەدا خەوی لێکەوت و
خەونێکی بە گالیسکەی تسارەوە بینی.

بە سەر بەردڕێژدا ڕاست بۆ ناو
تاریکییە وەک قەلەڕەش بە قیڕەقیڕەکەدا دەڕۆیشت.
ئەو بە تەنیا لە ناو گالیسکەکە دانیشتبوو و سەیری دەکرد
بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بەتەنیشتییەوە لە ڕێگە ڕای دەکرد.
دەیزانی سەفەرەکە درێژەی کێشاوە و
کاتژمێرەکەیشی ساڵی پیشان دەدا، نەک سەعات.

دەشتێک بوو گاسنی لێ بوو
گاسنەکەیش باڵندەیەک بوو کەوتبوو.

کەنداوێک بوو کەشتی لێ بوو
تەزیو، خامۆش، خەڵک لەسەر.

گالیسکەکە بە سەر شەختەدا خزییە ئەوێ و چەرخەکانی
وەک دەنگی ئاوریشم جیڕەجیڕیان نایەوە.

کەشتییەکی بچووکی جەنگی: "**سیڤاستوپۆل**".
ئەو لە ناو بوو. دەریاوانەکان هاتنە پێشەوە.
"ئەگەر بزانی بژەنی لەکۆڵ مردن دەبیتەوە"
ئامێرێکی سەیریان پێشان دا.

لە عود، یان فۆنۆگراف، یان لە
چەند بەشێکی مەکینەیەکی نەناسراو دەچوو.

هەناوکەوتوو، بێدەستەڵات تێگەیشت: ئەمە
ئەو ئامێرەیە کە کەشتییە گەورەکەی لێدەخوڕی.

ڕووی لە نزیکترین کەشتییەوان کرد،
پەشۆکاو بە دەست هێمای کرد و داوای لێ کرد:

"وەک من نیشانەی خاچ بکە، نیشانەی خاچ بکە!"
کەشتییەوانەکە وەک نابینایەک بە خەمگینییەوە دیقەتی دایێ،
باڵەکانی کردنەوە، سەری شۆڕ بووەوە
وەک ئەوەی لە هەوادا لە بزمار درابێ.
دەهۆڵەکان لێدران، دەهۆڵەکان لێدران. چەپڵە!
بالاکیرێڤ لە خەونەکەیدا بێدار بووەوە.

باڵی چەپڵەکان لە هۆلەکەدا شەقەیان دەهات.
پیاوەکەی لای پیانۆکەی بینی هەهەڵسایەوە سەر پێ.

لە دەرەوە شەقامەکان لەبەر مانگرتن تاریک بوون.
گالیسکەکان بە پەلە لە ناو تاریکییدا دەڕۆیشتن.

میلیژ بالاکیرێڤ
١٨٣٧ – ١٩١٠ ئاوازدانەرێکی ڕووس بوو.

## دوای پەرکەمگرتن

کوڕە نەخۆشەکە
بە زمانی وەک قۆچ ڕەقەوە
لە ناو دیمەنێکدا گیر بووە.

پشت لە تابلۆی کێڵگەی گەنمەوە دانیشتووە.
لەفافی دەوری شەویلکەی خەیاڵ بۆ مۆمیاکردن دەبات.
چاویلکەکانی وەک هیی ئەوانەی دەچنە بن ئاوەوە ئەستوورن.
هەموو شتێکیش بێ وەڵام و
لەناکاوە وەک کە لە تاریکیدا زەنگی تەلەفۆن لێدەدا.

بەڵام تابلۆکەی دواوە. دەشتێکە ئارامی دەبەخشێت، ئەگەرچی
گوڵەگەنمەکان باهۆزێکی زێڕینن.
ئاسمانی شینی گوڵاڵەی بەهاری و هەوری بەڕێوەبوو. لەبن
ئەم شەپۆلە زەردەدا
چەند کراسێکی سپی لە هەوادا دەشنێنەوە: دروێنەکەر
– هیچ سێبەرێک نانێنەوە.

پیاوێک لە دوورەوە لە ناو کێڵگە وەستاوە و وا پێدەچێ سەیری ئێرە بکات.
شەپقەیەکی پان ڕووخساری شاردووەتەوە.
وا پێدەچێت بڕوانێتە سیما تاریکەکەی ئێرە لە ژوورەوە،
ڕەنگە بۆ یارمەتی.

تابلۆکە بێ هەستپێکردن وا گەورە دەبێت و لەپشت نەخۆش و
دارماوەکەوە دەکرێتەوە.
جیرەجیڕ و کوتەکوت دێت. هەموو گوڵەگەنمەکان داگیرساون
وەک ئەوەی ئەو بێدار بکەنەوە!
ئەویتر *-لە ناو گوڵەگەنمەکاندا-* هێمایەک دەکا..

نزیک بووەتەوە.
کەس ئەمە نابینێ.

## ژنومێردەکە

چراکە دەکوژێننەوە و بەر لەوەی گڵۆپە سپییەکەی
خامۆش ببێت وەک حەبێکی ناو پەرداخێک تاریکی
تاوێک دەدرەوشێتەوە. پاشان سەردەکەوێت.
دیوارەکانی هوتێلەکە هەڵدەچنە ناو تاریکیی ئاسمانەوە.

جوولانەوەکانی خۆشەویستی دامرکاون و ئەوان نووستوون
بەڵام نهێنیترین خەیاڵیان بە یەکدی دەگەن
وەک کاتێک دوو ڕەنگ لە ناو وێنەی سەر کاغەزی تەڕی
کوڕێژگەیەکی قوتابی بە یەکدی دەگەن و تێکەڵی یەکدی دەبن.

تاریک و بێدەنگە. بەڵام ئەم شەو شار نزیک بووەتەوە.
بە پەنجەرەی خامۆشەوە. خانووەکان هاتن.
لە چاوەڕوانیدا زۆر نزیکی یەکدی ئاخناون،
حەشاماتێک بە ڕووخساری بێماناوە.

## درەخت و ئاسمان

درەختێک لە بەر باراندا دێت و دەچێ،
لەو ڕەهێڵە خۆڵەمێشییەدا بە پەلە بە لاماندا ڕەتدەبێ.
کارێکی هەیە. لە بارانەکەوە ژیان دەهێنێ
وەک ڕیشۆڵەی ناو ڕەزێک.

کاتێک بارانەکە دەبڕێتەوە، درەختەکە دەوەستێ.
لە شەوانی سامالّدا ڕاست، بێجوولە وەک تارمایی دەبینرێ
وەکو ئێمە چاوەڕێی ئەو ساتەیە
کە کلّۆی بەفر لە بۆشاییەکانەوە دەبارێ.

# زرنگه

چۆلەکەیش بە گۆرانیی خۆیەوە فووی لە ئێسکی مردووەکان دەکرد.
ئێمە لەژێر درەختێکدا وەستابووین و هەستمان دەکرد کات ڕۆدەچی و
ڕۆدەچێ.
گۆڕستان و حەوشەی قوتابخانە بە یەکدی گەیشتن و
وەک دوو لێشاوی دەریا لە یەکدیدا گەورە بوون.

زرنگەی زەنگەکانی کڵێسا چوونە ئاسمانەوە
باڵی کپی فڕۆکەی بێ مەکینە هەڵیگرتوون.
بێدەنگییەکی گەورەتریان لە سەر زەوی بە جێهێشت،
هەنگاوی نەرمی درەختێکیش، هەنگاوی نەرمی درەختێک.

## نۆتەی - C

کاتێک ئەو دوای ژوان بە شەقامدا شۆڕبووەوە
بەفر لە هەوادا دەخولایەوە.
زستان هاتبوو
کاتێک لای یەکدی ڕاکشابوون.
شەو سپی دەبریسکایەوە.
ئەو لەخۆشییان خێرا دەڕۆیشت.
هەموو شار شۆڕبوونەوە.
بە زەردەخەنەوە بە لایدا ڕەتدەبوون -
هەموویان لەپشت یەخەی هەڵدراوەوە دەخەنینەوە.
ئازاد بوو!
هەموو نیشانەکانی پرسیاریش لەبارەی هەبوونی خوداوە گۆرانییان دەچڕی.
ئەو وای حەز لێ بوو.

مۆسیقایەک خۆی دەربازکرد و
بە هەنگاوی گەورەوە
بەناو گێژەلووکەی بەفردا ڕۆیشت
هەموو شتێک بەرەو تۆنی C بە ڕێوەیە.

قیبلەنومایەکی لەریوە ڕووی لە C یە.

دەمژمێرێک لە سەرەوەی ئازارەکاندا.

ئاسان بوو!

هەموویان لەپشت یەخەی هەڵدراوەوە دەخەنینەوە.

## کۆشک

چووینە ناوەوە. یەک تاکە هۆلی زۆر گەورە،
بێدەنگ و چۆڵ، لەوێ ڕووبەری زەوی
وەک شەختەی جێهێشتراوی یاریی خلیسکێن بوو.
هەموو دەرگاکان کلۆمدراوون. هەوا خۆڵەمێشییە.

تابلۆ بە دیوارەکانەوەیە. لە دنیایەکی کپی
لایەکەی تردا، دەبینرا
پڕ لە وێنەی بێگیانە: قەڵغان، قەپان،
ماسی و سیمای بەشەڕهاتوو.

پەیکەرێک لە بۆشایی دانرابوو:
ئەسپێک بە تەنیا لە ناوەڕاستی هۆلەکە وەستاوە،
بەڵام سەرەتا هەستمان پێی نەکرد
کە ئەو هەموو بۆشاییە داگیری کردین.
دەنگ و سەدای شار
کزتر لە وژەی ناو سەدەفێک دەبیستران
لەم ژوورە چۆڵەدا دەخولانەوە،
بەخوڕ بۆ دەستەڵاتێک دەگەڕان.

شتێکی تریش. شتێکی تاریک
لای هەر پێنج هەستەکانمان وەستا
سنوور بێئەوەی لێیان بپەڕینەوە.
لم لە ناو هەموو شووشە بێدەنگەکاندا هەڵدەڕژا.

دەمی ڕۆیشتن بوو. بەرەو لای
ئەسپەکە چووین. زلحۆرت بوو،
وەک ئاسن ڕەش بوو. وێنەیەکی دەستەڵات خۆی بوو
کاتێک میرەکان مردن مایەوە.

ئەسپەکە ئاخفت: "من **تاکانە**کەم.
ئەو بەتاڵییەم فڕێدا کە منی لێخوڕی.
ئەمەیان گەوڕی منە. لەسەرخۆ گەورە دەبم.
لێرەیش بێدەنگی دەخۆم."

## دێلتای نیل

ژەنە گەنجەکە دوای ڕۆژێک گەڕان لە شاردا
لەوێ بینی نەخۆشەکان دەخشان و کەوتبوون
منداڵیش لەبەر هەژاری دەمردن
لە هوتێل ڕێک بە سەر خواردنەکەیدا گریا.

ئەو و پیاوەکە چوونە ژوورەکەیان
لەوێ ئاو پڕژێنرا بوو هەتا هەموو پیسیی کۆ ببێتەوە.
بێئەوەی زۆر بدوێن هەر یەکەو چووە سەر قەرەوێڵەی خۆی.
ئەو کەوتە ناو خەوێکی قورسەوە. پیاوەکەیش بێدار بوو.

لە دەرەوە لە ناو تاریکییدا هاتووهاوارێکی گەورە ڕەتبوو.
ژاوەژاو، ترپەی پێ، هاوار، عەرەبانە، گۆرانی.
تەنگانە بوو. قەت خۆی نەگرت.
پیاوەکە هەڵکورماو لە ناو نەخێرێکدا خەوی لێکەوت.

خەونێک هات، لە گەشتێکی ناو دەریا بوو.
لە ناو ئاوە خۆڵەمێشییەکەدا جوولەیەک ڕووی دا و
دەنگێک گوتی: "کەسێک هەیە باشە.
کەسێک هەیە دەتوانێ هەموو شتێک ببینێ بێئەوەی ڕقی هەبێ."

## *Lamento*

قەڵەمەکەی دانا.
بێجووڵە لەسەر مێزەکە کەوتووە.
بێجووڵە لە بۆشاییدا کەوتووە.
قەڵەمەکەی دانا.

زۆر شت نە دەتوانرێ بنووسرێن، نە نەدرکێنرێن!
ئەو بە شتێک لە پەلوپۆ کەوتووە، کە لە دوورەوە ڕووو دەدا
ئەگەرچی هەگبە نایابەکە وەک دڵێک کوتەکوت دەکا.

دەرەوە سەرەتای هاوینە.
لە بژوێنەوە فیکەفیک دێت – مرۆڤ، یان باڵندە؟
دارگێلاسی شکۆفەکردوویش دەست بە سەر لۆرییەکانی کە گەڕاونەتەوە
ماڵ دادەهێنێ.

هەفتە دەڕوا.
لەسەرخۆ شەو دادێت.
**ماسییەکان** خۆیان بە جامەکانەوە دەنووسێنن:
تەلێگرامی بچووکی زەردهەڵگەڕاو لە جیهانەوە.

: Lamento
وشەیەکی ئیتالییە، واتە ناڵە. لە سەردەمی بارۆک چەمکێکی مۆسیقایی بوو بۆ مۆسیقای بە ناڵە و خەمگین.

## *Nocturne*

بە شەو بەناو گوندێکدا لێدەخورم، خانووەکان لە بەرڕووناکیی چرای
بەهێزدا دیار دەکەوەن. — بێدارن، دەیانەوێ بخۆنەوە.
خانوو، کادین، تابلۆی هاتووچۆ، ئوتۆمۆبیلی بێخاوەن
- وا ئێستایە ***ژیان*** دەپۆشن. - خەڵکەکە نووستوون:

هەندێ کەس دەتوانن بە ئارامی بنوون، هەندێ کەسی تر
سیمایان گرژە وەک ئەوەی تا ئەبەد لە مەشقێکی سەختدا بن.
ناوێرن دەست لە هەمووی بەربدەن، ئەگەرچی خەویشیان قورسە.
کە پەرجووەکە بە لایاندا ڕەتدەبێ وەک ستوونی دانراوەی ڕێگرتن
پشوو دەدەن.

لە دەرەوەی گوند ڕێگەکە دەمێکی زۆر بەناو درەختی دارستاندا دەڕوا.
درەختەکانیش، درەختەکانیش بە بێدەنگی و بە تەبایی لەگەڵ یەکدین.
ڕەنگێکی ناسروشتییان هەیە وەک ئەوەی کە لە ڕووناکیی ئاگردا هەیە.
گەڵاکانیان چەند ڕوونن! تا ماڵەوە لەگەڵم دێن.

ڕاکشاوم و دەنووم، وێنە و نیشانەی نەناسراو دەبینم
لە پشت پێڵووی چاوەکاندا لەسەر دیواری تاریکیدا
خۆیان نەخشاندووە. لە درزی نێوان بێداری و خەوندا
نامەیەکی گەورە بێهوودە هەوڵ دەدا خۆی بئاخنێتە ژوورەوە.

: Nocturne
بە مانای "مۆسیقای شەوان" دێت و لە noctumus ی لاتینەوە هاتووە. پارچە مۆسیقایەکی هێمنی ڕۆمانسییە.

## شەوێکی زستان

ڕەشەبا دەمی بە خانووەکەوە دەنێ و
فووی لێ دەکا تا دەنگی بێ.
من بە نیگەرانی نووستووم، خۆم وەردەگێڕم،
بە چاونوقاوییەوە نووسینی ڕەشەبا دەخوێنمەوە.

بەڵام چاوەکانی منداڵەکە لە تاریکیدا گەورەن و
ڕەشەبا گڤەگڤیان بۆ دەکات.
هەردووکیان حەزیان لە چرایە کە دەخولێتەوە.
هەردووکیان لە نیوەڕێی بەرەو زماندان.

ڕەشەبا دەست و باڵی منداڵانەی هەیە.
کاروانەکە بەرەو ***لاپلاند*** بە لۆقە بەڕێوەیە.
خانووەکەیش کۆئەستێرەی بزماری خۆی دەناسێ
کە دیوارەکانی ڕاگرتووە.
شەو بەسەر زەویی ماڵمانەوە ئارامە
(لەوێ هەموو هەنگاوە کپبووەکان
وەک گەڵای کەوتووی ناو بەنداوێک پشوو دەدەن)
بەڵام لە دەرەوە شەو هەڵەشەیە!

ڕەشەبایەکی توندتر بە دنیادا هەڵدەکا.
دەمی بە ڕۆحمانەوە دەنێ
فووی لێدەکا تا دەنگی بێ
ترسمان هەیە ڕەشەبا بەتاڵمان بکا.

**لاپلاند:**
گەورەترین ناوچەیە لە سوێد. کەوتووەتە ئەوپەڕی باکوور.

## ليسابۆن

له گەڕەکی **ئەلفامە**دا، شەمەندەفەرە زەردەکان بەسەر هەورازەکانەوە گۆرانییان دەچڕی.
لەوێ دوو زیندان هەبوون. یەکێک بۆ دزەکان بوو.
له کەلێنی شیشی پەنجەرەکانەوە دەستیان هەڵدەبڕی.
هاواریان دەکرد که دەیانەوێ وێنەیان بگیرێت!

بلیتفرۆشەکە وەک کەسێکی نادڵنیا، خەنییەوە و گوتی " بەڵام لێرە" "لێرە سیاسییەکان بەندن". من نمای گرتوخانەکەم بینی، نما، نما و
له سەرسەرەوەیش له بەرپەنجەرەیەک پیاوێکم بینی
خۆیو دووربین به چاوەوە وەستابوو و تەماشای دەریای دەکرد.

جلوبەرگی شوشتراو هەڵواسرا بوو، شوورەکان داغبوون.
مێشوولەکان نامەی میکرۆسکۆپییان دەخوێندەوە.
دوای شەش ساڵ له خانمێکی لیسابۆنیم پرسی:
" ئەمە ڕاستە، یان من خەونم بینیوە؟"

ـ*

## هاوکێشەکانی زستان

**I**

لەسەر قەرەوێڵەکەمدا خەوم لێکەوت و
لەژێر بەلەمدا بێدار بوومەوە.

سەعات چواری بەیانی
ئەو دەمەی ئێسکی هەڵکڕاوی ژیان
بە ساردی هاودەمیی یەکدی دەکەن

لە ناو پەڕەسێلکاندا نووستم و
لە ناو هەڵۆیاندا بێداربوومەوە.

**II**

لە بەرڕووناکیی چرادا شەختەی ڕێگە
وەکو چەوریی بە بریسکەیە.

ئەمە ئەفریقا نییە

ئەمە ئەورووپا نییە
ئەمە بێجگە لە "**ئێرە**" شوێنێکی تر نییە
ئەوەی کە "**من**"یش بوو
تەنیا وشەیەکە
لە ناو دەمی تاریکایی دیسەمبەردا.

## III

کەپرەکانی خانەکە
لە تاریکاییدا نمایش کراون
وەک شاشەی TV دەگەشێنەوە.

ئامێرێکی نادیاری دەنگسازیی
لەم سەرماوسۆڵە تەزیوەدا
سەدای خۆی پەخش دەکات.

لەژێر ئاسمانی ئەستێرەڕێژدا وەستاوم و
هەست دەکەم جیهان لەبن پاڵتۆکەمدا
وەک لە ناو شارەمێروولەیەکدا
دێت و دەڕوا.

## IV

سێ داربەڕووی ڕەش لە ناو بەفرن.
زۆر ئەستوورن، بەڵام دەستوپەنجەکانیان لێزانن.
لە بەهاردا، لە کاسەی گەورەیانەوە
سەوزایی هەڵدەڕژێ.

## V

پاسەکە بەناو ئێوارەی زستاندا هەڵدەکشێ.
وەک کەشتییەکی ناو دارستانی سنەوبەر دەدرەوشێتەوە
لەوێ ڕێگە کەنالێکی مردووی قووڵی تەنگەبەرە.

چەند نەفەرێکی کەم: چەند پیرێک و چەند کەسێکی زۆر گەنج.
ئەگەر بوەستابا و چراکانی خامۆش کردبان
جیهان وێران دەبوو.

**ئامێری دەنگسازیی:**
ئامێرێکی سادەیە و لە چەنگاڵ دەچێ. تۆنی ئامێری مۆسیقاییی ژێدەری پێ ساز دەکرێت. بە سوێدی و زۆر زمانی تریش پێی دەگوترێ "چەنگاڵی دەنگدانانەوە، یان سازکردن". بۆ ئەم ئامێرە، بە کوردی هیچ ناوێکمان نییە.

## لەبارەی مێژووەوە

I

ڕۆژێکی ئادار دەچمە سەر گۆل و گوێ ڕادەدێرم.
شەختە وەک ئاسمان شینە. لەبن خۆردا دەشکێ.
خۆریش کە لەبن شەختەدا لە میکرەفۆنێکەوە دەچرپێنێ.
هەڵدەچێ و بڵقەبڵق دەکا. لەوە دەچێ کەسێک لە دوورەوە
چەرچەف دابوەشێنێ.
هەمووی لە مێژوو دەچێ: **ئێستای** ئێمە. نقومکراوین، گوێ ڕادەدێرین.

II

کۆنفرانس وەک دوورگەی باڵدار، خەریکە بکەون ...
پاشان: پردێکی لەرزۆک لە سازشکردن
هەموو هاتوچۆکان بەوێدا دەبێ، لەبن ئەستێرەکاندا،
لەبن ڕووخسار زەردهەڵگەڕاوی لە دایک نەبووەکاندا،
کە فڕێدراونەتە بۆشاییەوە و وەک ورتکە برنج نەناسراون.

**III**

**گۆیتە** ساڵی ١٩٢٦ لە ئەفریقا گەڕا، خۆی کردبوو بە **جید** و
هەموو شتێکی بینی.
هەندێ ڕووخسار بەو هەموو شتانەی دوای مەرگ دەیانبینن ڕۆشنتر دەبن.
کاتێک دەنگوباسی جەزائیر خوێندرایەوە
خانوویەکی گەورە دیار کەوت، هەموو پەنجەرەکانی تاریک کرابوون،
هەموویان، بێجگە لە یەکێکیان، لەوێ ڕووخساری **دریفوس** دەبینرا.

**IV**

ڕادیکال و کۆنەپەرستەکان، وەک لە هاوسەرییەتێکی نائاسوودەدا،
لەگەڵ یەکدی دەژین
ئاکاری یەکدیان وەرگرتووە، وابەستەی یەکدین
لێ، ئێمە کە منداڵی ئەوانین، دەبێ خۆمان دەرباز بکەین.
هەموو گرفتێک بە زمانی خۆی بانگ دەکا.
وەک سەگێکی شوونهەڵگر لەو شوێنە برۆ کە ڕاستی پێی لێناوە!

**V**

لەم دەشتودەرە، نە دوور لە ئاوەدانی،
چەندین مانگە ڕۆژنامەیەکی لەبیرکراو کەوتووە، پڕە لە ڕووداو.
بە شەو و ڕۆژ، بە باران و هەتاو کۆن دەبێ

خەریکە دەبیَ بە بنچکێک، بە سەرەکەلەمێک، خەریکە
لەگەڵ خاک تێکەڵ دەبیَ.
هەر وەک یادەوەرییەک لەسەرخۆ دەبێت بە تۆ خۆت.

## ژووری كراوه و داخراو

پیاوێک بە پیشەی وەک دەستکێش هەست بە جیهان دەکا
لە نیوەی ڕۆژدا کەمێک پشوو دەدا و دەستکێشەکانی لەسەر ڕەفە داناوە.
لەوێ لەناکاو گەورە دەبن، دەکشێن و
هەموو دیوی ناوەوەی خانووکە تاریک دەکەن.

خانووە تاریککراوەکە لە ناو بای بەهارانە
"لێبووردن" لە ناو گیادا چرپەکە دێت: "لێبووردن".
کوڕێژگەیەک بە بەنێکی نادیارەوە کە بەلاری بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە
ڕادەکات
لەوێ خەونی خۆشی ئەو بە دواڕۆژەوە وەک کۆلارەیەکی
گەورەتر لە گەڕەکی دەرەوەی شار دەفڕێ.

لە بەرزاییەکی سەرووترەوە فەرشی شینی بێکۆتاییی دارستانی
سنەوبەر دەبینرێ
لەوێ سێبەری هەورەکان
بێجوولەن.
نا، کۆچ دەکەن.

**مۆسیقای هێور**

تەلارەکە داخراوە. خۆر لە پەنجەرەکانەوە دەخزێتە ژوورەوە و
ڕووی سەرەوەی مێزەکان گەرم دەکاتەوە،
کە تەواو توندوتۆڵن، گرانیی چارەنووسی مرۆڤ هەڵبگرن.

ئەمڕۆ لە دەرەوەین. لەسەر ئەم تەلانە پان و درێژەدا.
زۆر کەس ڕەشپۆشە. مرۆڤ دەتوانێ لە بەرخۆر بوەستێ و
چاو بنوقێنێ و هەست بکا، چۆن لەسەرخۆ فوو لە پێشەوە دەکا.

کەمجاران دەگەمە سەر ئاوەکە. لێ وا ئێستا لێرە،
لەناو بەردی گەورەی پشت ئارامم.
بەرد کە هێورهێور و پشتاوپشت لە شەپۆڵەکانەوەڕا هاتن.

## ناو

لە کاتی ئوتومبیل لێخوڕیندا خەواڵوو دەبم و لادەدەمە ژێر درەختەکانی دەم ڕێگاوە. لە دواوە خۆم گرمۆڵە دەکەم و لێی دەنووم. چەند؟ چەندان سەعات. تاریک داهاتبوو.

لەناکاو بێدارم و خۆم ناناسمەوە. تەواو بێدارم، بەڵام بێسوودە. لەکوێم؟ من **کێم**؟ شتێکم کە لە دواوەی ئوتومبیلێک بێدار دەبێتەوە، وەک پشیلەی ناو گونییەیەک بە دەوروبەری خۆمدا ڕادەکەم. کێ؟

سەرئەنجام ژیانم دەگەڕێتەوە. ناوم وەکو فریشتەیەک دێت. لە دەرەوەی شوورەکاندا توتەیەکی کلارنێت دێت، (وەک لە پارچە مۆسیقاکەی لیۆنورەدا) هەنگاوە فریاکەرەکانیش خێرا خێرا بەسەر پلیکانە زۆر درێژەکەدا دێنە خوارەوە. ئەوە منم! ئەوە منم!

بەڵام مەحاڵە خەباتی ئەو پازدە چرکەیەی دۆزەخی لەبیرچوونەوەم لە یاد بچێ، چەند مەترێک لەملاوەی ڕێگە گەورەکەی لەوێ ئوتومبیل بە چرا داگیرساوییەوە، بەسەریدا ڕەتدەبێ.

## پەنجەرە والآکە

بەیانییەک لە بەرپەنجەرە والآکەی
نهۆمی سەرەوەدا
وەستابووم و ڕیشمم دەتاشی.
مەکینەی تەراشم داگیرساند.
دەستی بە خولانەوە کرد.
هەر بەهێز و بەهێزتر وژەوژی کرد.
بوو بە گرمەگرمێک.
بوو بە هێلیکۆپتەرێک و
دەنگێک (هیی فڕۆکەوانەکە) بە ناو گرمەگرمەکەدا
دڕی دا، قیژاندی:
"چاوەکانت کراوە بن!
بۆ دوا جارە دەبینیت."
بەرز بووینەوە.
نزم بە سەر هاویندا فڕین.
زۆر حەزم لێ بوو، هیچ قورساییەکی هەیە؟
دەیان زاراوەی سەوز.
بە تایبەتیش ئەو سوورەی سەر دیواری خانووە لە دارەکان.
قالۆنچەکان لە بەرخۆردا، لە ناو پەییندا دەبریسکانەوە.
ژێرزەمین کە بە ڕەگەوە هەڵکێشرابوو

به ناو هەواد هات.
کاروبار.
مەکینەکانی چاپکردن دەسووڕانەوە.
لەم دەمەدا مرۆڤەکان
تاکە شت بوون کە بێجووڵە بوون.
خولەکێک بێدەنگ وەستان.
بە تایبەتیش مردووەکانی گۆڕستانی دەشت
بێجووڵە بوون
وەک چۆن مرۆڤ لە منداڵیدا بۆ وێنە گرتن ڕوو لە کامیرە دادەنیشت.
نزم بفڕە!
من نەمزانی
وەک ئەسپێک -
بە بینایی دابەشکراوەوە
بۆ کوێ سەرم وەرگێڕا.

## بۆ هاوڕێیانی ئەو دیوی سنوورێک

**I**

زۆر سادە بۆم نووسین. بەڵام ئەوانەی بۆم نەبوو بیاننووسم
وەک کەشتییەکی هەوایی پەنمان و پەنمان و
لە دواییدا بە ناو شەوی ئاسماندا کشان.

**II**

ئێستا نامەکە لای سێنسۆرکارە. ئەو چراکەی دادەگیرسێنێت.
وشەکانم لە بەرڕووناکییەکەدا وەک مەیموون هەڵدەبەزنە سەر ئاسنبەندێک،
دەقیژێنن، هێور دەبنەوە و ددانەکانیان نیشان دەدەن!

**III**

نێوان دێڕەکان بخوێنەوە. دوای ٢٠٠ ساڵی تر یەکدی دەبینینەوە
ئەوسا میکرۆفۆنەکانی ناو دیواری هوتێلەکە لە بیر کراون و
ئیتر دەتوانن بنوون، ببنە ئۆرتوسێراس.

**ئۆرتوسێراس:**

جۆرێک ماسیی باریک و درێژ بوو. بە دەوری سەریانەوە چەند ڕیشێک هەبوون و بە هێزی ئەوان بە پێچەوانەی سەریانەوە، خێرا دەڕۆیشتن. سەدان میلیۆن ساڵ لەمەوبەر دەژیان و جار جار وەک فوسیل دەدۆزرێنەوە.

=

**لە خاکەوە ڕوانیین**

خۆرە سپییەکە دەڕژێتە ناو تەمەوە.
ڕووناکی دادەچۆڕێت، بۆ چاوەکانی ژێرەوەم

ڕێچکە دەگرێ کە لە قووڵایی
بن شاردا پشوو دەدەن و دەڕواننە سەرەوە

لە بنەوە شار دەبینن: شەقام بناغەی خانوو
لە وێنەی لە ئاسمانەوە گیراوی شارێک دەچێ لە شەڕدابێت

بەڵام بە پێچەوانەوە – وێنەی کوێرەمشکێک:
چوارگۆشەی بێدەنگی ڕەنگ خۆڵەمێشیی.

لەوێ بڕیارەکان دەدرێن. ناتوانرێ
ئێسکی مردووەکان لە هیی زیندووەکان جودا بکرێنەوە.

ڕێژەی تیشکی خۆر زیاد دەکات، دەڕژێتە ناو
کابینەی فڕۆکە و توێکڵەوە.

٥

## ئێوارەی دیسەمبەر - ١٩٧٢

وا منی پیاوە نەبینراوەکە هاتم، ڕەنگە **ئەقڵێکی** گەورە
دایمەزراندبم بۆ ئەوەی ڕێک ئێستا بژیم. منیش لێدەخورِم و لە کڵێسا

سپییە کڵۆمدراوەکە ڕەتدەبم – لە ژوورەوە قەدیسێکی دەم بە خەندەی لە
دار هەیە، بێدەستەڵات، وەک ئەوەی چاویلکەکەی لێ بردرابێ.

ئەو تەنیایە. هەموو شتەکانی تر ئێستان، ئێستا، ئێستا. قانوونی کێش کە
بەڕۆژ بەرەو کارکردن و شەوانیش بەرەو قەرەوێڵە، فشارمان بۆ دەهێنێ.
جەنگ.

## غەزەل

دەرگەی یەکەم دەکەمەوە.
ژوورێکی گەورەی بە خۆر ڕووناکە.
ئوتومبیلێکی کێشگران بەسەر شەقامدا ڕەتدەبێ و
فەخفوورییەکان دەلەرنەوە.

ژووری ژمارە دوو دەکەمەوە.
هاوڕییان! ئێوە تاریکیتان خواردەوە و
دیار کەوتن.

ژووری ژمارە سێ. ژوورێکی تەنگەبەری هوتێلە.
ڕووی لە کۆڵانی پشتەوەیە.
چرایەک کە لەسەر قیرتاوەکەدا دەبریسکێتەوە.
پاشماوەی بەرهەمی جوانی ئەزموونەکانە.

**غەزەل:**
ناوی شیعرەکە بە سوێدی Elegi ـە. ئێلێگی شیعری شیوەن و لاوانەوەیە. من کردوومە بە غەزەل.

## بەلەم _ گوند

بەلەمێکی ماسیگرتنی پورتوگالیی شین، گێژاوەکانی کەمێک
ئۆقیانووسی ئەتلەسی دەهەژێنن.
خاڵێکی شین لە دوورەوەیە، کەچی من لەوێم - شەش کەسەکەی
ناوی، هەستیان نەکرد کە حەوتین.

بینیم بەلەمێکی وەها دروست بکرێ، وەک عودێکی گەورەی
بێ ژێ لە گوندێکی هەژاردا:
ئەو گوندەی تێیدا بە تورەیی، بە ئارامی، بە خەمەوە
دەشۆن و دەشۆن.

بە خەڵک ڕەشە کەنار، گردبوونەوەیەک بوو پەرتەی لێ کرا،
بڵندگۆکان هەڵدەگیرێن.
سەرباز مارسێدیسی گوتاربێژیان بە ناو حەشاماتەکەدا دەبرد،
وشە ڕمبەیان لە پلێتی هەردوو لا دەهێنا.

## چیایە ڕەشەکان

پاسەکە لە پێچەکەی تردا لە بەرسێبەری ساردی چیاکەدا دەرچوو
لمووزی لە خۆر کرد و بە گڕەگڕ سەرکەوت.
ئێمە لە پاسەکەدا ئاخنرا بووین. نیوەپەیکەری لە کاغەزی ڕۆژنامە
پێچراوی دیکتاتۆریشی تێدا بوو. بوتڵێک ئەم دەم و ئەو دەمی کرد.
مەرگ، نیشانەی زگماک، بە خێرایی جیا یەک لە دوای یەک لای هەمووان
دەرکەوت
لەسەر چیاکان دەریای شین گەیشتەوە ئاسمان.

**له ئاداری ١٩٧٩**

ماندوو له هه‌موو ئه‌وانه‌ی به وشه‌وه دێن، به وشه، به‌ڵام بێ زمان
چومه ئه‌و دوورگه به به‌فر داپۆشراوه.
سروشت وشه‌ی نییه.
په‌ڕه نه‌نووسراوه‌كان به هه‌موو لایه‌كدا بڵاوه‌یان كردووه!
له‌سه‌ر به‌فر ئاسه‌واری سمی ئاسك ده‌بینم
زمانه به‌ڵام بێ وشه.

## یادەوەرییەکان دەمبینن

بەیانییەکی حوزەیران، کاتێک کە زۆر زووە لە خەو هەستیت
لێ، زۆر درەنگە بنوویتەوە.

دەبێ بچمە ناو بژوێن، کە پڕە لە یادەوەری،
ئەوانیش بە نیگایان دەمڕواننێ.

ئەوان دیار نین، بەتەواوی لەگەڵ دەشتودەر
تواونەتەوە، حەربای باشن.

هێندە نزیکن، گوێم لێیانە هەناسە بدەن
بەڵام جریوەجریوی باڵندان سەرکاسکەرن.

## نیگای زستان

وەک پەیژەیەک لار دەبمەوە و
ڕووخسارم دەگاتە نهۆمی یەکەمی دارگێلاس.
لە ناو زەنگی ڕەنگەکانم کە بە خۆر لێدەدا.
خێراتر لە چوار قەلەباچکە دەنکە سوورە تۆخەکان تەواو دەکەم.

ئەوسا لەناکاو بەر سەرمای دوور دەکەوم.
ساتەکە ڕەش دەبێ و
وەک ئاسەواری تەور لەسەر قەدێکدا دەمێنمەوە.

لە ئێستاوە درەنگە. بە دزییەوە، بە گورگەلۆقەوە بۆ خوارەوە،
بۆ ناو تۆڕی زێرابە ئەنتیکەکەدا دەڕۆین.
تونێلەکان. لەوێ بە مانگ دەڕۆین،
نیوە بە کار و نیوە هەڵاتوو.

نزایەکی کورت دەکەین، کە بە سەر سەرمانەوە کونێک دەکرێتەوە و
تیشکێکی کز دێتە ژوورەوە.
سەیری سەرەوە دەکەین: لە شیشبەندی زێرابەوە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەیە.

*
~

## وێستگە

شەمەندەفەرێک هاتە ناوەوە. لێرە واگۆن بەدوای واگۆنەوە وەستاوە،
لێ، هیچ دەرگەیەک ناکرێتەوە، کەس نە دادەبەزێ و نە سەردەکەوێ.
چما هیچ دەرگەیەک هەیە؟ ناوەوەی سیخناخ بە مرۆڤی
دەرگە بە ڕوودا کڵۆمدراو، کە دێن و دەچن.
لە پەنجەرە توندەکانەوە دیقەتی دەرەوە دەدەن.
لە دەرەوەیش پیاوێک بە چەکوشێکەوە بە درێژایی شەمەندەفەرەکە دەڕوا.
لە چەرخی شەمەندەفەرەکەی دەوەشێنێ، بەئاستەم دەزرینگێتەوە. هەر ئێرە نەبێ!
ئێرە زرینگەیەکی زۆر گەورەی لێ دێت: هەورەتریشقەیەک،
دەنگی زەنگی کڵێسایەک، دەنگی کەشتیی بە جیهاندا گەڕاوە.
کە هەموو شەمەندەفەرەکە و بەردی تەڕی دەوروبەری هەڵدەبەزێنێ.
هەمووشتێک گۆرانی دەچڕێ. ئەمەتان لە بیر بێ. بەردەوم بن لە سەفەر!

## هەزارونۆسەد و هەشتا

نیگای بە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەدا هەڵدەبەزێ.
ئەوسا هەستی هێندە سڕ دێن، کە خەیاڵ دەبەنەوە.
تەنیا لە هیپنۆسی قووڵدا دەیتوانی ببێت بە ئەوی تری خۆی،
خوشکە شاراوەکەی، ئەو ژنەی کە لەگەڵ ئەو سەدهەزار
هاوارکەرەی "بمرێ شا!" دەڕوا - ئەگەرچی مردوویشە-
ڕەشماڵێکی ڕەشی ڕێپێوەرە، خواناس و پڕ لە ڕقە.
جیهاد! دووی کە قەت بە یەکدی ناگەن، ئاگایان لە جیهان دەبێ.

**جیهاد:**
شاعیر خۆی وشە عەرەبییەکەی بە کار هێناوە.

## پۆستكارتی ڕەش

I

ڕۆژژمێر پڕكراوەتەوە. دواڕۆژ نادیارە
كێبڵ لە بەرخۆیەوە گۆرانیی میلیی بێ نیشتیمان دەچڕێ
بەفربارین لە ناو دەریای وەك قوڕقوشم بێجوولەدا. سێبەر
لەسەر لەنگەرگە زۆرانێ دەكەن

II

وا ڕوو دەدا، لە هەڕەتی تەمەندا، مردن دێت و
مرۆڤ دەپێوێت. ئەم سەردانە
لە بیر دەكرێ و ژیان بەردەوام دەبێ. بەڵام قاتەكە
لە بێدەنگیدا دەدروێت.

## ئاگرنەخش

لە ماوەی مانگە خەمگینەکاندا، تەنیا ئەو دەمە ژیانم دەبریسکایەوە
کە لەگەڵ تۆدا باخەڵیم دەکرد.
وەک کە **گوڵەستێرە** دادەگیرسێت و خامۆش دەبێت، دادەگیرسێت و
خامۆش دەبێت
– کەم کەمە دەتوانرێ لە تاریکیی شەودا
لە ناو دارزەیتوونان ڕێگەیان هەڵبگیرێ.

لە ماوەی مانگە خەمگینەکاندا ڕۆح بێ گیان
هەڵکورمابوو
بەڵام جەستە ڕاستەڕێ بۆ لای تۆ هات.
ئاسمانی شەو دەیبۆڕاند.
ئێمە بەدزییەوە گەردوونمان دۆشی و ماینەوە.

## زۆر هەنگاو

ئیكۆنەكان ڕوو لە ئاسمان لە خاك نران
زەویش تایە و پێڵاو، هەزار هەنگاو،
دەهەزار هەنگاوی گرانی گوماندار
پەستایانەوە.

لە خەوندا چوومە ناو مەلەوانگەیەكی خۆڕۆشنكەر لەبن زەوی،
نوێژێكی شەپۆلاوی.
چ تاسەیەكی بەهێزە! چ خۆهەڵدانێكی گەمژانەیە!
لە سەرەوەی منیشدا تەپەی پێی میلیۆنان گوماندار.

## مولوکای

ئێمە لە هەورازەکە ڕاوەستاوین و لە قووڵایی ژێرەوەیشماندا
سەربانەکانی خانووبەرەی نەخۆشخانەی گەڕۆڵی دەبریسکێنەوە.
توانای هاتنەخوارەوەمان هەیە بەڵام قەت پێڕاناگەین
بەر لە تاریکی بە هەورازەکاندا سەرکەوینەوە.
بۆیە بە ناو دارستاندا دەگەڕێینەوە، لە ناو درەختی
لک شینی درێژدا دەڕۆین.
ئێرە بێدەنگە. بێدەنگییەک وەک ئەو کاتەی باز دێت.
ئەمە دارستانێکە لە هەموو شتێک خۆشدەبێ بەڵام هیچ شتێک لە بیر ناکات.
**دامیان**، لە ئەشقدا، ژیان و فەرامۆشیی هەڵبژارد.
مەرگ و ناوداریتی بۆ مایەوە.
بەڵام ئێمە ئەم ڕووداوانە لە لایەکی هەڵەوە دەبینین:
کەڵەکەبەردێک لەبری ڕووخساری سفینکس.

**مولوکای**:
دوورگەیەکی کۆمەڵەدوورگەی "هاوایی"ـە. زێتر بە کۆمەڵگەی نەخۆشیی گەڕاڵ ناسراوە.
لەوێ قەشە دامیان کاری دەکرد و ساڵی ١٨٨٩ لە دوورگەی مولوکای مرد.

## کاپتنە لەبیرکراوەکە

زۆر سێبەرمان هەیە. من لە شەوی ئەیلوولدا
بەرەو ماڵەوە بەڕێگەوە بووم کاتێک Y
دوای چل ساڵ لە گۆڕەکەیدا هەستایەوە و
بوو بە هاودەمم.

سەرەتا تەواو بەتاڵ بوو، تەنیا ناوێک بوو
بەڵام خەیاڵەکانی خێراتر
لە کات کە ڕەتدەبوو، دەهاتن و
گەیشتنە ئێمە.

چاوەکانی ئەوم لە چاوی خۆم کردن
زەریای جەنگم بینی.
ئەو دوا کەشتییەی ئەو لێیدەخوڕی
لەژێرمانەوە دەرکەوت.

لە پێش و پشتەوە قافلەی کەشتیی زەریای ئەتلەسی دەخشا
ئەوانەی دەبوو زیندوومابوونایەوە و

ئەوانەی **نیشانەی**
(بۆ هەموو کەسێک نەبینراویان) لێ درا

کاتێک شەووڕۆژی بێدار جێی یەکدییان دەگرتەوە
بەڵام هیی ئەو نا-
ئێلەگی سەرئاوکەوتن لەبن پاڵتۆکەی بوو.
ئەو قەت نەگەڕایەوە ماڵ.

گریانی هەناو بوو، کە لە نەخۆشخانەیەکی **کاردیف**
خوێنی لەو بەردا.
سەرئەنجام بۆی لوا پاڵبکەوێت و
بکرێت بە ئاسۆ.

خوداحافیز قافڵەی یازدە میلی دەریایی! خوداحافیز ١٩٤٠ !
لێرە مێژووی جیهان کۆتایی دێت.
فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان بە هەڵواسراوی مانەوە.
بنچکی خەلەنگ گەشانەوە.

٭
▫

وێنەیەکی سەرەتای سەدە کەنارێک پیشان دەدا
لەوێ شەش کوڕی جللەبەر وەستاون.
کەشتیی چارۆکەداریان لە باوەشە.
ڕووخساری چەند بە ویقاڕن!

کەشتیەکان کە بۆ هەندێکیان بوون بە ژیان و بۆ هەندێکیشیان مەرگ.
لەبارەی مردووەکانیشەوە بنووسیت
ئەویش یارییەکە، کە بەوەی کە دێت
سەخت دەبێت.

## تاقی ڕۆمانی

لە ناوەوەی کلێسا گەورە ڕۆمانییەکەدا، گەشتیارەکان لە ناو تاریکیدا
ئاخنرا بوون.
تاق لە دوای تاق کرایەوە و بەرچاو دیار نەبوو.
گڕی چەند مۆمێک ترپەترپیان دەکرد.
فریشتەیەکی بێ ڕووخسار لە باوەشی نام و
بە هەموو جەستەیەوە چرپاندی:
"شەرم مەکە لەبەر ئەوەی کە مرۆڤیت، سەربەرز بە!
لە ناختدا تاق لە دوای تاق بێ کۆتایی دەکرێنەوە.
تۆ قەت تەواو نابیت، ئەمەیش دەبێ وا بێت."
بە فرمێسکان نابینا بووم و
بە یەکەوە لەگەڵ میستەر و میسس **جۆنس**، ڕێزدار **تاناکا** و
**سینیۆرە ساباتینی** دا دەرپەڕیمە ناو **پیازە** بە خۆر هەڵقرچاوەکە
لە ناخی هەر هەموویشیاندا تاق لە دوای تاق بێ کۆتایی کرانەوە.

**پیازە:**
وشەیەکی ئیتالییە و بە مانای "گۆرەپان" دێت. شاعیر خۆی وشە ئیتالییەکەی لە کار بردووە.

××

## *Air Mail*

له گەڕان بە دوای سندوقێکی پۆستەدا
نامەکە بە ناو شاردا دەگێڕم.
لە ناو دارستانی لە بەرد و چیمەنتۆدا
ئەم پەپوولە سەرگەردانە باڵەفڕەی دەکرد.

مافووری سیحریی پوولەکە
تیپە خواروخێچەکانی ناونیشانەکە
لەگەڵ ڕاستیی داخراوی من
هەر ئێستا بە سەر زەریاوە دەخولێنەوە.

زیوی لەسەرخۆڕۆی ئۆقیانووسی ئەتلەسی
گەواڵە. کەشتیی ماسیگرتن
وەک ناوکە زەیتوونێکی فڕێدراو.
قەتماخەی بێڕەنگی ئاوی دوای کەشتییش.

لێرە لە خوارەوە کار لەسەرخۆ دەڕوا.
زووزوو بە تیلەچاو سەیری سەعات دەکەم.

سێبەرەکانی درەخت ژمارەی ڕەشن
لەم بێدەنگییە چاوبرسییەدا.

ڕاستی لەسەر زەوی هەیە
بەڵام کەس ناوێرێ بیبات.
ڕاستی لەسەر شەقام کەوتووە.
کەس نایکات بە هیی خۆی.

## *MADRIGAL*

دارستانێکی تاریکم بە میرات بۆ مایەوە جاروبار دەچمە ئەوێ. بەڵام ڕۆژێک دێت کە مردوو و زیندووەکان جێگەیان دەگۆڕنەوە. ئەوسا دارستانەکە دەست بە جوولە دەکات. ئێمە بێهیوا نین. تاوانە سەختەکان نادۆزرێنەوە سەرەڕای هەوڵی زۆر پۆلیسیش. بە هەمان شێوە لە شوینێکی ژیانماندا ئەوینێکی نەدۆزراوە هەیە. من دارستانێکی تاریکم بە میرات بۆ مایەوە، بەڵام ئەمڕۆ لە ناو دارستانێکی تردا، لە ناو ڕووناکەکەدا دەڕۆم. هەموو ژیاندارەکانی کە گۆرانی دەچڕن، هەڵدەبەزن، پێچاوپێچ دەڕۆن و دەخشێن! بەهارە و هەوا زۆر پڕە. من بڕوانامەم لە زانستگەی فەرامۆشییدا هەیە و وەک کراسی سەر تەناف دەستبەتاڵم.

: MADRIGAL

مەدریگال. جۆرێک مۆسیقا و گۆرانیی شوانان بوو، لە سەدەی چواردە لە فلۆرێنسا باو بوو. گۆرانیی مەدریگال شیعری خۆشەویستی بوون، بە زمانی میللی گوترابوون. لە سەردەمی ڕێنێسانسدا لە هەموو ئەورووپا زۆر باو بوو.

## نیسان و بێدەنگی

بەهار چۆڵ و تەریک ڕاکشاوە.
ئەو کەندە ڕەشی مەخمەڵییە
بێ وێنەی ئاوێنەیی
لە تەنیشتم دەکشێ.

تاکە شت کە دەگەشێتەوە
گوڵی زەردە.

لە ناو سێبەری خۆم هەڵدەگیرێم
وەک کەمانجەیەکی
ناو جانتای ڕەشی خۆی.

تاکە شت کە دەخوازم بڵێم
وەک زیوی
لای ڕەهنکار
دوورەدەست دەبریسکێتەوە.

ء/

## مەملەکەتی نائارامی

بەڕێوەبەری نووسینگە دەچەمێتەوە و زەڕبێک دەکێشێ
گوارەکانیشی وەک **شمشیری داموکلیس** دەلەرنەوە.

وەک کە پەپوولەیەکی خاڵ خاڵ بەرانبەر بە زەوی دیار نابێ
عفریتەکە تێکەڵ بە ڕۆژنامە کراوەکە دەبێ.

خوودەیەک کە کەس لە سەری نەناوە دەستەڵاتی وەرگرتووە.
کیسەڵە دایکەکە لەبن ئاودا بەفڕین هەڵدێ.

## پەڕەی کتێبی شەو

شەوێکی مانگی مایس
لە بەرتریفەیەکی ساردا هاتمە وشکایی
لەوێ گیا و گوڵ خۆڵەمێشی بوون
بەڵام بۆن سەوز.

لەم شەوە ڕەنگکوێرەدا
بە سەر نشێوەکەدا هەڵکشام
هاوکات بەردە سپییەکان
ئیشارەتیان بۆ مانگ دەکرد.

سەردەمێک بوو
چەند خوولەکێک درێژ
پەنجاوهەشتساڵ پان.

لەپشتمەوەیش
دوور لە ئاوە وەک قورقوشم درەوشاوەکانەوە
کەنارەکەی تر هەبوو
ئەوانەیش کە حکومیان دەکرد.

خەڵکی بە دوارۆژەوە
لەبری ڕووخسار.

## دەشتی بە خۆر

لەپشت دیواری خانووەکانەوە خۆر دەخزێتە پێشەوە
لە ناوەڕاستی شەقام دەوەستێ و
بە فووی سووری
دەمانداتە بەر هەناسە.
**ئینسبروک** دەبێ بە جێت بهێڵم.
بەڵام سبەی
خۆرێکی داخ
لە ناو دارستانە بێرەنگە نیوە مردووەکەدا هەیە
لەوێ کار دەکەین و دەژین.

## له ته‌مووزی ١٩٩٠ دا

به‌خاكسپاردنێک بوو و
من هه‌ستم ده‌كرد مردووه‌كه
له خۆم باشتر
خه‌یاڵی منی ده‌خوێنده‌وه.

ئۆرگه‌كه بێده‌نگ بوو. باڵنده‌كان ده‌یانخوێند.
چاڵی به‌ر قرچه‌ی هه‌تاو.
ده‌نگی هاوڕێكه‌م
له دیوی دواوه‌ی خوله‌كه‌كان بوو.

من بۆ ماڵه‌وه لێمده‌خوڕی و
ڕه‌ونه‌قی باران و ئارامیی
ڕۆژی هاوین، ته‌ماشایان ده‌كردم
مانگ ته‌ماشای ده‌كردم.

## دوو شار

دوو شار، هەر یەکەی لە بەرێکی دەربەندێکدا
یەکێکیان تاریکە، دوژمن داگیری کردووە.
لە ئەویتریاندا چراکان داگیرساون.
کەنارە ڕووناکەکە تاریکەکەیان هیپنۆس دەکات.

لەسەر ئاوە ڕەشە درەوشاوەکاندا
بۆ ناو جەزبە مەلە دەکەم.
فشارێکی کپی کەڕەنا دڕ دەدا.
دەنگی هاوڕێیەکە، گۆڕت ببە و بڕۆ.

## ڕووناکی بەخوڕ دێتە ژوورەوە

لەو دیوی پەنجەرەدا ئاژەڵی درێژی بەهار
ئەو ئەژدیها ڕوونەی لە تیشکی خۆر
وەک شەمەندەفەرێکی بێکۆتاییی لێواری شار
بەلامادا گوزەر دەکات - هیچ پێڕانەگەیشتین سەری ببینین.

ڤیلاکانی کەنار بەلادا جێ دەگۆڕن
وەک قڕژاڵ سەرفرازن.
خۆر وا دەکات پەیکەرەکان ببریسکێنەوە.

زەریای ئاگرە گەورەکەی لە فەزا
بۆ ساوانکردن ئاوێتەی زەوی دەبێ
ژماردن لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەستی پێ کرد.

## سەفەری شەوانە

لەژێرماندا ژاوەژاوە. شەمەندەفەرەکان دەڕۆن.
هوتێل **ئەستۆریا** دەلەرزێ.
پەرداخێک ئاوی سەر لێواری قەرەوێڵە
لە ناو توونێڵەکاندا دەدرەوشێتەوە.

ئەو خەونی بینی کە لە **سڤالبارد** بەند بوو.
هەسارەکە بە گرمەگرمەوە خۆی سووڕاندەوە.
چاوی گەش بە سەر شەختەکانەوە ڕۆیشتن.
جوانیی پەرجووەکان هەبوون.

## شەوی یەڵدا

نوورێکی شین
لە جلوبەرگمەوە بە خوڕ هەڵدەچێ.
شەوی یەڵدا.
زرینگەی دەفی لە شەختە.
من چاو دەنووقێنم.
جیهانێکی بێدەنگ هەیە
درزێک هەیە
لەوێ مردوو
بە قاچاخ لە سنوور دەپەڕێنرێتەوە.

**کێوی هەڵۆیان**

خشندەکان
لەپشت شووشەی جامخانەدا
زۆر سەیر بێجوولەن.

ژنێک لە بێدەنگیدا
جل هەڵدەخا.
مردن کپە.

لە قووڵایی خاکدا
ڕۆحم بێدەنگ وەک هەسارەیەک
دەخزێ.

## نوڤێمبەر

کە جەللاد بیزارە ترسناک دەبێ.
ئاسمانە گڕگرتووەکە خۆی لوولدەدا.

لە ژوور بە ژووری زیندان لەدەرگەدان دەبیسرێ
شوێنیش لە ڕۆحەوە هەڵدەقوڵێ.

چەند بەردێک وەک مانگی چواردە دەگەشێنەوە.

## بەفر دەبارێ

ناشتنەکان
زوو زوو دێن
وەک تابلۆکانی ڕێگە
کاتێک مرۆڤ لە شارێک نزیک دەبێتەوە.

هەزاران مرۆڤ دەڕواننە
خاکی سێبەرە درێژەکان.

پردێک لەسەرخۆ
ڕێک بۆ ناو فەزا
خۆی دروست دەکا.

## ئیمزا

دەبێ بە سەر ئەم لێوارە تاریکەدا
بپەڕمەوە.
هۆلێک.
دۆکۆمێنتە سپییەکە دەگەشێتەوە.
بە زۆر سێبەرەوە کە دەجوڵێنەوە.
هەموویان دەیانەوێ ئیمزای بکەن.

هەتا ڕووناکی گەیشتە من و
زەمەنی پێچایەوە.

## تۆ جیهانی ئێمەت زۆر دەوڵەمەندتر و زۆر زۆر گەورەتر کردووە

توماس کێیە و شیعرەکانی باسی چی دەکەن؟ ئەدی ئەوە چ هێزێکی ئەدەبییە، سەرنجی زۆر زانکۆ و ناوەندی ئەدەبی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و بە بایەخەوە سەرنجی گەشەی شیعریی لای ئەم شاعیرە دەدەن و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەنووسن؟ ئەوە چییە وای کردووە تەرجەمەی ٦٠ زمان بکرێ؟ ئەدی ئەو خەسڵەتە تایبەتییانە چین وایان کردووە هێندە لای سوێدییەکان خۆشەویست بێت؟ پرسیارە سەختەکەیش ئەوەیە، چۆن لە توماس بگەین؟

دەمەوێ هەر لە سەرەتاوە ئەوە بڵێم، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، لە توانای مندا نییە. ئەوەی من دەیکەم، نزیکبوونەوە، یان ڕاستتر ئاماژەکردنە بە کۆنتێکست و سروشی چەند شیعرێک، کە ڕەنگە ڕێچەکە بن و خوێنەر ببەنەوە سەر ڕێگەی توماسناسی و لەوێیشەوە بەرەو جیهانی ئەوی ببەن. حەز دەکەم بە گوتەیەکی شێل ئێسپمارک، نووسەر، پرۆفیسۆر و ئەندامی کۆمیتەی نوبێل دەست پێبکەم، کە لە ئاهەنگی دابەشکردنی "خەڵاتی نوبێل"دا لەبارەی "توماس"ەوە گوتی: "توماس ترانسترۆمەر یەکێک لەو نووسەرە زۆر دەگمەنە سوێدیانەیە کە کاریگەریی لەسەر ئەدەبی جیهاندا هەبووە. بەرهەمەکانی ئەو تەرجەمەی شەست زمان کراون و لە زۆر لای دونیادا گرنگ بووە بۆ شیعر. وەرگری "خەڵاتی نوبێل" یووسف برۆدسکی ددانی پێدا دەنێ، کە زێتر لە وێنەیەکی لە ئەو دزیوە. پار لە ماوەی سەفەرێکدا لە ناو شاعیرانی چینیدا، بۆم دەرکەوت ترانسترۆمەر پێشەنگی گەورەی ئەوانە."

ئەمە تێگەیشتنێکە، زۆر ئەدەبناس لەسەری کۆکن، بەڵام بۆ تێگەیشتن لەم ڕۆڵە گەورەیەی توماس، خوێنەر ناچار دەبێ پەنا بۆ ئەو هەموو لێکۆڵینەوە زانستییانە ببا، کە لەبارەی بەرهەمەکانییەوە نووسراون. من باوەڕم وایە؛ بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمی نووسەرێک، زۆر جار پێویست دەبێ، زانیاریی ورد لەبارەی نووسەرەکەوە هەبێ، بە تایبەتیش هیی شاعیران. چونکە ئەوان خۆیان دەنووسنەوە. ئەو وێنە شیعرییانەی لە زەینی شاعیردا چرۆ دەکەن، ئەنجامی ئەزموونی ژیانیانە. بۆیە گرنگە زانیاریمان لەبارەی ئەم ئەزموونەوە هەبێ. توماس وەک دەروونناس کاری کردووە و پیانۆژەنێکی بە توانایە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠

ـەوە لە زمان کەوتووە و نەیتوانیوە بە دەنگ ڕازی دڵی دەرببڕێت. ئەم ئەزموونانەی، بەشێکی گرنگی نووسەرایەتی ئەو پێک دەهێنن و لە هیچ لێکۆڵینەوەیەکیشدا فەرامۆش نەکراون.

توماس لە ١٥ نیسانی ساڵی ١٩٣١ لە ستۆکهۆلم لە دایک بووە. باوکی ڕۆژنامەوان و دایکی مامۆستا بوو. توماس منداڵ بوو، کاتێک ئەو ژنومێردە لە یەکدی جودابوونەوە. لەو کاتەوە کەم باوکی بینی و پێوەندییان سارد بوو. لای دایکی گەورە بوو و لە ستۆکهۆلم، لە شوقەیەکی دووژووریی ژیانیان دەگوزەراند. لە پشووی هاوینان دەچوونە "دوورگەی ڕوونار" و لەوێ هاوینیان دەبردەسەر. دوورگەیەک کە بەدەورییەوە ئاسووی زەریا تێکەڵی ئاسمان دەبوو. بوون لە ناو دوورگەیەکی وادا، کە لە ناو شینیی زەریا و لەژێر ئاسماندایە، لە چەند شیعرێکدا ڕوون دیارە، کە ئاماژە بە ژیان لەم دوورگەیە دەکات.

لە دوای تەواکردنی ئامادەیی، لە زانکۆی ستۆکهۆلم مێژووی ئەدەبی خوێند و پاشان بڕوانامەی لە "دەروونناسی"یش وەرگرت. شەش ساڵ وەک دەروونناسی زیندان کاری کرد و پاشان لە شوینی تر وەک دەروونناس کاری کردووە. هاوکات ئارەزوویەکی زۆری بۆ مۆسیقا هەیە و پیانۆژەنێکی زۆر بە توانایە. بە جۆرێک کە مۆسیقا بەشێکی زۆری ژیانی ئەوی داگیرکردووە. لە گفتوگۆکانیدا هەمیشە باسی مۆسیقا دەکات، بە جۆرێک ئەو نە مۆسیقا لە شیعر و نە شیعریش لە مۆسیقادا جودا دەکاتەوە. لە گفتوگۆیەکدا دەڵێ: "وەک کە زۆرجار گوتوومە، لەڕاستیدا هەمیشە حەز دەکەم مۆسیقا بنووسم، بەڵام تا ڕادەیەک بەوەیش ئاسودەم کە بەو شێوەیە مۆسیقام نەنووسیوە، کە هیچ شتێک لە نیوان من و مۆسیقادا نەبێت." ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ "مۆنیکا بلاد" دەبن بە ژنومێرد. دوو کچیان هەیە.

ساڵی ١٩٥٤ توماس گەنجێکی ٢٣ ساڵی بوو، کە یەکەم دیوانی بە ناوی "١٧ شیعر"ەوە بڵاو کردەوە و ڕەخنەگرەکان بە بلیمەت ناویان هێنا. شیعرەکان شێوازێکی نوێی نووسین بوون لە مێژووی ئەدەبی سوێدیدا و لە شیعری کەس نەدەچوون. ڕەنگە ئەم شێوازە تاکانەیە بێت، وای کردبێت، چەندان نووسەری گەورە بەشێک لە تەمەنیان بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی شیعرەکانی ئەوەوە تەرخان کردبێ. دوو ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم دیوانەی، خەڵاتێکی ئەدەبی پێ بەخشرا و ئیتر لەو کاتەوە هەتا ئێستا هەر هەموو خەڵاتە ئەدەبییەکانی سوێد و سکاندێناڤیای وەرگرتووە.

=
ە




١٧ شیعر، یەکەم دیوانی توماس ترانسرۆمەره

سێ ساڵ پێشتر، واته ساڵی ١٩٥١، که ئەو دەم تەمەنی ٢٠ ساڵ بوو، یەکەم شیعری له گۆڤاری Femtiotal دا بڵاو کردەوە. شیعرێک که ئێستایش له ناوەندیی ئەدەبیدا گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێ. شیعرەکه ناوی "پرێلودیۆم"ه و Preludium یەکەم شیعری یەکەم دیوانییەتی. دانانی ئەم شیعره وەک یەکەم شیعری دیوانەکەی، مانایەکی تایبەتی هەیە. "پرێلودیۆم" دەستەواژەیەکی مۆسیقاییبە. بەو پارچه مۆسیقایەنە دەگوترێ، که له سەرەتای ئاهەنگی مۆسیقاییدا دەژەنرێن. توماس به بڵاوکردنەوەی ئەم شیعرەوە، به ئەسپێکی باڵدار فڕییه ئاسمان و لەوێوە به پەڕەشووت خۆی هەڵدایه خوارەوە و ڕێک کەوته ناو جەرگەی ناوەندیی ئەدەبی سوێدی، لەو کاتەوە لەسەر پێی خۆی وەستاوە و نوێنەرایەتیی دەنگ و شێوازی زۆر تایبەتی خۆی دەکات.

=

شیعرەکە لە کۆمەڵێک میتافۆڕ و وێنەی چڕ پێک هاتووە. وا دەست پێ دەکات: "بێداربوونەوە لە پەڕەشووت خۆهەڵدانێکە لە خەونەوە." گەڕیدەکە لە فەزاوە دەکەوێتە خوارەوە. لەوێ بینایی فراوانە و هەموو جیهان دەبینێ. ئەم ئەزموونە بە تەنیا هیی چاو نییە، هیی ئەقڵ و فێربوونی زانیارییشە لەبارەی بوون لەسەر زەوی. دێڕەکە چوار وشەیە و زۆر لێکدانەوەی بۆ کراوە. سەفەری ئەو کەسەی لە بێدارییەوە بەرەو مردن، بە پەڕەشووت خۆی هەڵدەداتە خوارەوە، دەکرێ بێداربوونەوە بە لەدایکبوون بچوێنرێت. لەدایکبوون و مردن هەردووکیان ئازاریان هەیە. واتە هاتن بۆ ناو دونیایەکی نەناسراو و لەوێیشەوە بۆ ناو یەکێکی تری نەناسراو. ژیان لە نیوانی ئەم دووەدا هەیە.

ساڵی ١٩٨٣ ئەندامی ئەکادیمیای سوێدی و پرۆفیسۆر لە زانستی ئەدەب "شێل ئێسپمارک" یەکەم لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی شیعرەکانی "توماس"ـەوە دەنووسێت و لەو کاتەوە شیعرەکانی توماس زۆر سەرنجی ناوەندە ئەدەبییەکانی ڕاکێشاوە و زۆر لەبارەیەوە نووسراوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ دا، کە ئەو دەم تەمەنی ٥٩ساڵ بوو لای چەپی مێشکی سەکتە لێی دەدا و دەست و پێی ڕاستی لە کار دەکەون و زمانی لە گۆ دەکەوێت. ناتوانێت بڕوات و بە عەرەبانە هاتوچۆی پێ دەکەن و هەر دەتوانێت چەند وشەیەکیش بڵێت. لەو کاتەوە "مۆنیکا"ی ژنی، فێری ئەوە بووە چاو، ڕووخسار و خەیاڵی توماس بخوێنێتەوە و بیانکات بە وشە. واتە سەیری توماس دەکات و لەبری ئەو قسە دەکات و ئەویش سەر دەلەقێنێت.

شەش مانگ پێش ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ دا "خەڵاتی نوبێل"ی پێ ببەخشرێ، حکوومەتی سوێد ڕێزی لە توماس گرت و "پرۆفیسۆری ڕێزلێنان"ی پێ بەخشی: "بۆ نووسەرایەتییەکی بێ هاوتا، کە زمانی سوێدی و ئەدەبی جیهانی دەوڵەمەند کردووە". مێژووی ئەم ڕێزلێنانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە.

ئێستا توماس تەمەنی ٨٣ ساڵە و لە ناو شوقەیەکی بچووکی گەڕەکی "سۆدێرمالم" لە ستۆکهۆلم، دەژی.

## نهێنییەکانمان، ژیان و مردنمان

مرۆڤ لە جەستە و ڕۆح پێک هاتووە و تەواوکەری یەکدین. لە ناخی هەموو مرۆڤێکیشدا، کونجێک هەیە، هیی ئەو مرۆڤە خۆیەتی و کەس پێی نازانێ چیی تێدایە. لەوێ لایەنێکی ڕاستیی مرۆڤ هەیە. وەک لە شیعرێکدا دەڵێ: "دوو ڕاستی لە یەکدی نزیک دەبنەوە. یەکێکیان لە ژوورەوە دێ، یەکێکیان لە دەرەوە دێ/ لەو شوێنەی بەیەکدیش دەگەن مرۆڤ دەرفەتێکی دەبێ خۆی ببینێ." توماس پێی وایە مرۆڤ ناتوانێ بە وشە باسی ئەم کونجەی ناخ بکات. ئەم ڕەهەندە ڕۆحی و دەروونییە، گەورەیی و ئاڵۆزیی ژیان پیشان دەدات. ئەو لە وێنەیەکی شیعریی زۆر جواندا باسی ئەم کونجەی ناخ دەکات:

"من ڕۆشنم و
لە ناخمدا
نووسینێک دیار دەکەوێ
وشەی بە مەرەکەبی نادیار دەردەکەوێ
کە کاغەزەکە بە سەر ئاگرەوە ڕادەگیرێ"

توماس باسی ئەم کونجەی ناخ دەکات، کە بە مەرەکەبی نادیار لێی نووسراوە. ئەو تێگەیشتنە دەروونناسییەیش ڕادەگەیەنێ، کە ئێمە لە ناخماندا ڕاستی و ئەزموونمان هەیە، سەختە یان مەحاڵە بتوانین بە وشە دەریانبڕین، یان بیاندرکێنین. دەتوانین ئاماژەیان پێ بدەین، بەڵام ناتوانین وەسفیان بکەین. چونکە ئەگەر هەوڵ بدرێ ڕاستی لە ناو چوارچێوە دابنرێ و ئاشکرا بکرێ، ئەوسا هەموو فۆرمێکی دەگۆڕێ و ڕاستیی خۆی لە دەست دەدا. وەک لای "مەنێت"، کە جۆرە ماسییەکی نەرمە. هەتا لە ناو ئاوە ماسییە، کە لە دەریا دەرهێنرا، فۆرمی دەگۆڕێت و دەبێتە جەلی و وەک قوڕی لێدێ. لە شیعرێکدا دەڵێ: "جەلیی مردوو". مرۆڤ چیی لێ دێت، ئەگەر ئەو ڕاستییە شاراوانەی لە کونجێکی ناخیدا هەن ئاشکرا ببن؟ یان لە شیعرێکی تردا باسی بەرەی جەنگ دەکا، کە لە ناو ناخی مرۆڤە. لەوێ ئێسقانی وشکهەڵگەڕاوی خۆمان پەرشوبڵاو بووە. لە چەند شیعرێکدا دەستەواژەی "ئێسکی مردووەکان"ی بە کار هێناوە.

"بەرەی جەنگ لە ناخماندا
لەوێ ئێمەی **ئێسکی مردووەکان**
شەڕ دەکەین بۆ ئەوەی زیندووبین."

وێنەی "ئێمەی ئێسکی مردووەکان" ئاماژەیە بۆ بەشی ٣٧ لە کتێبی حزقیال لە پەیمانی کۆندا. لەوێ پەیامبەر حزقیال باسی ئێسکی وشکی مردووەکان دەکات، کە لە ناو دۆڵێک کەوتوون و خودا بە یەکەوەیان دەنووسێنێتەوە، پاشان بە گۆشت و پێست دایاندەپۆشێت و گیانیان دەهێنێتەوە بەر. ڕەنگە ئەم تێگەیشتنە فرە مانای هەبێت، ڕۆحی و ماتریالی؛ یەکەمیان تێگەیشتنێکی تەسەووفی بێت، هەوڵدان و خەباتی کەسی سۆفی بێت بۆ گەیشتن بە "فەنا" و لەوێیشەوە بەرەو "بەقا"، یەکبوون لەگەڵ خودادا. لە ڕووی ماتریالییشەوە، ئەو تێگەیشتنە بێت، کە مرۆڤ باش و پۆشتە دەژی، بەڵام وێرانەکە لە ناخیدایە.

هەبوونی مردن لە ناو ژیاندا، بابەتێکی سەرەکیی شیعرەکانی "توماس"ـە. لە نیسانی ١٩٩٠، واتە شەش مانگ بەرلەوەی سەکتەی مێشک لێی بدا، لە کۆڕێکی کراوەدا لەبارەی مەرگەوە گوتی: "ژیان بارێکە هەمیشە لەگەڵ خۆمان هەڵیدەگرین. بارێک بەرەو مردن. مردن ئامانجە، ئەو کەسەی گالیسکە لێدەخوڕێ، لەوێیە. بابەتە دووبارەبووەکانی من، مردن و سەفەرن. هەندێجار مرۆڤ لە تەمەنی گەنجیدا دەگاتە ئەم ئامانجە، بارەکەی، کە ژیانییەتی لە ناو گالیسکەکەی دادەنێ و ژیان بەردەوام دەبێ. لە شیعری "پۆستکارتی ڕەش"دا دەڵێ:

وا ڕوو دەدا، لە هەرەتی تەمەندا، مردن دێت و
مرۆڤ دەپێوێت. ئەم سەردانە
لە بیر دەکرێ و ژیان بەردەوام دەبێ. بەڵام قاتەکە
لە بێدەنگیدا دەدروێت.

## میکرۆفۆنەکانی ناو دیوار

توماس نووسەرێکی سیاسی، یان حیزبیی نییە. لە هیچ شوێنێک شتێکی وام بەرچاو نەکەوتووە. بەڵام هەڵوێستی سیاسی هەبووە. ئەورووپای کۆمۆنیستیی دوای جەنگی دووەمی

جیهانی، ئەورووپای گرتن، ئازاردان و ڕاونانی ئەو نووسەر و هونەرمەندە سەربەخۆیانە بوو، کە باوەڕیان بە سیستێمی کۆمۆنیزمی نەبوو. لەو سەردەمدا ژیان بۆ ئەو نووسەرانە زۆر سەخت بوو، ڕێیان لێ دەگیرا بەرهەمەکانیان بڵاو بکەنەوە. مێژووی ئەورووپای کۆمۆنیزم بە سەدان ئەزموونی ناهەمواری وەک هیی ئانا ئەخماتۆف و یووسف برۆدسکی لە ڕووسیا و هێرتە مولێر لە ڕۆمانیای تێدایە. دەزگای سێنسۆر و تۆڕی سیخوڕی بە سەر نووسەر و هونەرمەندانەوە، هێندە توند بوون، کەس لێیان دەرباز نەدەبوو. توماس بە تەرجەمەکردنی چەند شاعیرێکی وڵاتانی بەلتیک، دەنگ و ئازاری ئەوانی گەیاندە جیهان. لە شیعری "بۆ هاوڕێیان لەودیوی سنوورێک "یشدا، کە لەو دیوانەدا هەیە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوی کردەوە، بە ئاشکرا دیارە، مەزەندەی ڕووخانی کۆمۆنیزم دەکات، کە وەک "فوسیل" وشک دەبێت و دەبێتە مێژوو.

> "نێوان دێڕەکان بخوێنەوە. دوای ٢٠٠ ساڵی تر یەکدی دەبینینەوە
> ئەوسا میکرۆفۆنەکانی ناو دیواری هوتێلەکە لە بیر کراون و
> سەرئەنجام دەتوانن بنوون، دەبنە ئورتوسێراس."

ئورتوسێراس، جۆرێک ماسی بوو. سەدان میلیۆن ساڵ لەمەوبەر دەژیا و لە چەند ناوچەیەکی سوێد، وەک فوسیل دۆزراوەتەوە. لەم شیعرەدا "ئورتوسێراس" ئاماژەیە بۆ بەفوسیلبوون، واتە وشک و ڕەقهەڵگەڕان. ئەگەر لە ڕەهەندی دووربینییەوە سەیری ئەم شیعرە بکەین. دەبینین ئەو لە سەردەمێکدا مەزەندەی ڕووخانی سیسێمی کۆمۆنیزمی کردووە، کە لەوپەڕی بەهێزیدا بوو. بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان پێوەندیی توندیان لەگەڵ بلۆکی سۆسیالیستیدا هەبوو. تەنانەت لە ئەورووپای ڕۆژئاوایش بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە گەشەکردندا بوو. وا لە میللەتان گەیانرابوو، کە ژیان لە سێبەری حکومڕانیی کۆمۆنیزمدا، وەک بەهەشت وایە، کە قەت وا نەبووە و پێچەوانەکەی ڕاست بووە.

لە شیعری "لەبارەی مێژووەوە"، چەند بابەتێکی باس کردووە، کە پێوەندییان بە مێژووی سیاسی و ئابووریی ئەورووپاوە هەیە. لە شیعرەکەدا دەڵێ:

"گۆێتە ساڵی ١٩٢٦ لە ئەفریقا گەڕا، خۆی کردبوو بە **جید** و هەموو شتێکی بینی.
هەندێ رووخسار بەو هەموو شتانەی دوای مەرگ دەیانبینن ڕۆشنتر دەبن. کاتێک
دەنگوباسی جەزائیر خوێندرایەوە
خانوویەکی گەورە دیارکەوت، هەموو پەنجەرەکانی تاریک کرابوون،
هەموویان، بێجگە لە یەکێکیان، لەوێ ڕووخساری دریفوس دەبینرا."

بەڵام ئەوە گۆێتە نییە، دەچێ بە ئەفریقادا دەگەڕێ. "ئەندرێ جید"ی کۆمۆنیست بوو، دوای ئەوەی لە فرەنسا بێزار کرا، ساڵی ١٩٢٦ بەرەو ئەفریقا سەری هەڵگرت. لەم سەفەرەیدا ڕۆڵی گوێتە دەبینێ لە ڕەخنەگرتن لە ئەورووپا. گوێتەیش لە دیوانەکەیدا، "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەلاتی"دا وای کردووە. ئەندرێ جید هاوشێوەی گوێتە دەبێت. ئەو سەردەم چەند وڵاتێکی ئەفریقا کۆلۆنیی فەرەنسا بوون. لەوێ جید ڕەخنەی لەو گەندەڵی و چەوساندنەوەیە گرت، کە دەستەڵاتی فرانسی لە وڵاتە ژێردەستەکانیدا پێڕەوی دەکردن. ئەو خەونی بەوەوە دەدی، کۆمۆنیزم ئەم سیستەمە بڕۆخێنێ. لە ڕێگە لە "پورتوگال"ی سەردەمی "سالازار"دا، کە سیاسی و ئابووریزانێکی گەورەی پرتوگال بوو، لە پەنجەرەیەکی زیندانەوە ڕووخساری "دریفوس"ی بینی. "مەسەلەی دریفوس"، کە سکاندالێکی گەورەی قانوونیی مێژووی فەرەنسایە. کاتێک کەسێک بە بێ تاوان دەخرێتە زیندانەوە.

## ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا: ئەو دووەی کە قەت بە یەکدی ناگەن.

وا پێ دەچێ مەسەلەی لە یەکدی دابڕانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەر لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستەکانەوە دەستی پێ کردبێ. پاشان، سەرەتا هێرش و پەلاماری عەرەب بۆ سەر ئیمپراتۆری بێزەنتی و دواتریش هیی تورکە سەلجوقییەکان و لە ئاکامدا ڕووخانی ئیمپراتۆرەیەتەکە و دواتریش هێرشبردن بۆ ناو قووڵایی ئەورووپا، دابڕانەکەی زێتر کردبێت. ئەم کێشەیە و لە یەکدی دابڕانەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئیستایش ئاسەواری بە سەر جیهاندا ماوە. زۆر تێز لەبارەی دروستکردنەوەی پێوەندی و لەیەکدیگەیشتنی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە نووسراون. زۆر گوتاری سیاسییش لەم بارەیەوە دراون و کاری سیاسی بۆ کراوە. کە بنەچەکەیان دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و هەبوونی پێوەندیی ئابووری، سیاسی و

فەرهەنگی بووە، لەگەڵ یەکدی. بەڵام لە ناو نووسەراندا دوو تێگەیشتنی پێچەوانە هەیە. تێگەیشتنێک، کە لە گوێتەوە دەستی پێ کردووە و زۆر نووسەریش هاوڕای ئەون. ئەوان پێیان وایە، بە گەڕانەوە بۆ لایەنی ڕووحانی لە کولتووورە ئایینیەکاندا، دەکرێ کۆمەڵگە و کولتوورەکان ئاشنای یەکدی ببنەوە و برینی ئەو دابڕانە هەزار ساڵەییە، ساڕێژ بکرێ. گوێتە لە دیوانەکەیدا، "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی"، بۆ سەرەتاکان دەگەڕێتەوە و لەوێ؛

"ڕۆژئاوا، باکوور و باشوور دەڕووخێن
تەختی پاشایەتی دەهەژێن وڵاتان تاڵان دەکرێن.
بۆ خاکی پاکی ڕۆژهەڵات سەرهەڵبگرە/ .../
لەوێ، ئاشق بە، بنۆشە و گۆرانی بڵێ
کانیی خزر گەنجت دەکاتەوە."

بەڵام ئەو لە سەردەمێکدا ئەم تێزەی ڕاگەیاند، کە ئاسەواری شەڕەکانی ناپۆلیۆن بە سەر ئەورووپاوە هەبوو. "گوننار ئێکێلۆف"یش لە ماوەی هەموو ژیانیدا لە ئەورووپا بێزار بوو و تێیدا هەستی بە نامۆیی دەکرد. چەندان جار هەوڵی دا پشت لە سوێد و ئەورووپا بکات. پێی وا بوو لە ڕۆژهەڵات و کولتووره زۆر دێرینەکەیدا، ئاسوودەیی مسۆگەر دەکرێت. لە شیعرێکی زۆر ناوداریدا؛ "بگرە و بنووسە" ئاماژە بەم لە یەکدی دابڕانەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەکات و پێی وایە ئەم دوو عەقڵیەتە قەت بە یەکدی ناگەن. باشە ئەوە بزانین، کە ئێکێلۆف خۆی شاعیرێکی سۆفی بوو و لەژیر کاریگەرییەکی زۆر گەورەی ئەدەبی تەسەووفی ئیسلامیدا شیعری نووسیوە، بە تایبەتیش، کاریگەری ئیبن عەرەبی و مەولانای ڕۆمی لەسەر بوو. ئەو لە شیعرەکەدا دەڵی؛

"لەبارەی ژیان، لەبارەی زیندووەکانەوە
لەبارەی مەرگ، لەبارەی مردووەکانەوە
لەبارەی ئەشق و ڕقەوە
لەبارەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە

ئەو دووەی کە قەت بە یەکدی ناگەن و
قەت لە یەکدیش جیا نابنەوە."

"توماس ترانسترۆمەر"یش لە دوا دیڕی شیعری "هەزارونۆسەد و هەشتا"دا، ڕایەکی وا دەردەبڕێت، کە دەڵی: "جیهاد! دووی کە قەت بە یەکدی ناگەن، ئاگایان لە جیهان دەبێ". بەڵام تێگەیشتنی ئەو وەک هیی گوێتە و ئێکێلۆف نییە. هیی ئەوان ڕوانینێکی ڕەخنەیی بوو لەسەر ئەورووپا. هیی ئەویش ڕوانینێکی گشتییە لەبارەی ژیان لەسەر زەوی. شیعرەکە وێنەی ڕێپێوانێکی سەدهەزار کەسیی پیشان دەدات، کە خواناسن، پڕ لە ڕقن و لە دوورەوەیش لە ڕەشماڵێکی ڕەش دەچن و داوای "جیهاد" دەکەن. ئەمە دیمەنێکە، لە سی ساڵی ڕابردووەوە زیادی کردووە و ئێستا هەموو ڕۆژێک لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دیمەنی وا دەبینین. توماس پێی وایە، کە ئەم دوو عەقڵەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، کە قەت بە یەکدی ناگەن، جیهان بەڕێوە دەبەن. بەرەو کوێ؟

## زمانی سروشت

کۆنتێکستێکی تر، کە لە زۆر شیعردا هەستی پێ دەکرێ، سروشت و زمانە دەوڵەمەندەکەیەتی. سروشتی جوانی سوێد، بەهەشتی شاعیرانە و تژییە لە تێکستی بێ وشە، یان ڕاستتر سروشت خۆی زمانێکی زۆر دەوڵەمەندی سەربەخۆیە. هەموو ئەو شاعیر و نووسەرانەی هەوڵیان داوە، وەسفی سروشت بکەن، هەستێکی وایان هەبووە، کە وشە و دەربڕینی شاعیرانە بڕ ناکەن. لە خوێندنەوە و تێگەیشتن لەم زمانە بێ وشەیەی سروشت، ئاژەڵ توانای لە هیی مرۆڤ زێترە.

"ماندوو لە هەموو ئەوانەی بە وشەوە دێن، بە وشە، بەڵام بێ زمان
چومە ئەو دوورگە بە بەفر داپۆشراوە.
سروشت وشەی نییە.
پەڕە نەنووسراوەکان بە هەموو لایەکدا بڵاوەیان کردووە!
لەسەر بەفر ئاسەواری سمی ئاسک دەبینم
زمانە بەڵام بێ وشە."

توماس لەم شیعرەدا، ماندوو و بێزار لە زۆرگوتن و وشەی بەتاڵ، دەچێتە ناو دوورگەیەکی سەهۆڵبەندان و لەوێ سروشت ئاسەواری مرۆڤی بە سەرەوە نییە و بە زمانی خۆی دەدوێ. ڕەنەگە ئەم "وشە، بەڵام بێ زمان"انە، ڕەخنە بێت لە قسەی بێکرداری سیاسییەکان. ئەو پەنا بۆ خوێندنەوەی زمانێک دەبات و دەیکات بە هیی خۆی، کە بێ وشەیە. ئەم شیکردنەوەیە، لەگەڵ ئەو ڕاستییەی، کە توماس خۆی لە زمان کەوتووە، یەکدی دەگرنەوە. ئەو لەسەر بەفر زمانی ئاسک دەخوێنێتەوە، "زمانە، بەڵام بێ وشە." دەکرێ شوونی ئاسک زۆر خوێندنەوەی بۆ بکرێ. چۆن بزانین ئەو دەمەی ئەو ئاسکە بەوێدا ڕەتبووە و ئاسەواری بە جێ هێشتووە، لە چ حاڵەتێکدا بووە؟ ئایا ئاژەڵی تر ڕاویان ناوە، یان بە دوای خواردندا گەڕاوە؟ بۆ خوێندنەوەی ئەم زمانە، توانای مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ هیی ئاژەڵ، زۆر سنووردارە.

## گوڵەگەنمە زەردەکانی ژێر ئاسمانی شین

توماس لە شیعری "دوای پەرکەمگرتن"دا، ژیان دەداتە تابلۆیەکی هونەری و ئازادی دەکات. شیعرەکە لەو دیوانەیدا هەیە، کە ساڵی ١٩٥٨ بڵاوی کردەوە. لەم شیعرەدا، دوو کۆنتێکستی ڕوون هەن. یەکەمیان کوڕێکی نەخۆشە. ئێمە دەبینین کوڕەکە دوای پەرکەمگرتن، "بە زمانی وەک قۆچ ڕەقەوە" هێزی لە بەر بڕواوە. پشتی بە دیوار داوە و لەفاف لە شەویلکەی بەستراوە، هەتا لە کاتی کەوتندا، ئازاری پێ نەگات. گومان دەکرێ ئەم کۆنتێکستە بگەڕێتەوە، بۆ ئەزموونی توماس خۆی، کە وەک دەروونناس کاری کردووە و پێوەندی لەگەڵ زۆر نەخۆشدا هەبووە.

کۆنتێستی دووەم، تابلۆیەکی "ڤان گۆگ"ە. جوتیارێک لە ناو کێڵگەی گەنم وەستاوە و وا دیارە، سەیری کوڕەکە دەکات. ڕووداو لە شیعرەکەدا پەرکەمگرتنە. کەسی نەخۆش، لە کاتی پەرکەمگرتندا بڕی لە بەر دەبڕێ و پێوەندی بە جیهانەوە نامێنێ. کوڕەکە کەوتووەتە ناو دۆخێکی وەهاوە و پشتی لە تابلۆکەیە. ئەمە کات و شوێنی شیعرەکەیە. تابلۆکەیش کات و شوێنێکی تری هەیە، کە کێڵگەی زێرینی گوڵەگەنمە لە وەرزی دروێنەدا.

توماس له گفتوگۆیه‌كدا باسی ئه‌م تابلۆیه‌ی ڤان گۆگ ده‌كات، كه‌ له‌ شیعره‌كه‌دا ڕۆڵی هه‌یه‌. تابلۆكه‌ له‌ ژووری كاریدا هه‌ڵواسرابوو، ئه‌و ده‌می ده‌روونناسێكی بێ ئه‌زموون بوو و ده‌بوو تاقیكردنه‌وه‌ی ده‌روونیی له‌سه‌ر نه‌خۆشێكی په‌ركه‌مدار بكات، كه‌ زۆر په‌ركه‌می ده‌گرت و خۆی بریندار كردبوو.

ئه‌وه‌ی له‌ شیعره‌كه‌دا زۆر سه‌رنجڕاكێشه‌، ئه‌م دوو كات و دوو شوێنه‌یه‌، تێكه‌ڵی یه‌كدی ده‌بن و پێوه‌ندییه‌ك له‌ نێوان خوێنه‌ر و شیعر/ خوێنه‌ر و تابلۆكه‌دا/ به‌ هۆی شیعره‌كه‌وه‌ دروست ده‌كه‌ن. ئه‌مه‌ ده‌بێته‌ هۆی خوڵقانی كۆنتێكستێكی نوێ، كاتێك ده‌بینین له‌ كۆتایی شیعره‌كه‌دا، ئه‌و جوتیاره‌ی كه‌ له‌ ناو گوڵه‌گه‌نمه‌كاندا وه‌ستاوه‌ سه‌یری كوڕه‌كه‌ ده‌كات. ڕه‌نگه‌ بخوازێت بێت و یارمه‌تی بدات. تابلۆكه‌ قرچه‌قرچ له‌ چوارچێوه‌كانی خۆی ده‌هێنێ و گوڵه‌گه‌نمه‌ زه‌رده‌كانیش زێتر ڕووناك ده‌بن، وه‌ك ئه‌وه‌ی بیانه‌وێ بێن و كوڕه‌كه‌ بێدار بكه‌نه‌وه‌. جوتیاره‌كه‌ "نزیك بووه‌ته‌وه‌./ كه‌س ئه‌مه‌ نابینێ".

## سه‌فه‌ر و ئه‌سپه‌ گه‌وره‌كه‌ی پادوڤا

ئه‌و شیعرانه‌ی سه‌فه‌ر سروشبه‌خش بوون، زۆرن. سه‌فه‌ر و بینینی ته‌لار، كڵێسا و گه‌ره‌كه‌ كۆنه‌كان، سه‌رچاوه‌ی سروشی شیعریی زۆر شاعیر بوون. ڕه‌نگه‌ ناودارترینی ئه‌م جۆره‌ی سروشه‌ له‌ سه‌ده‌ی ڕابردوودا، سروشی نووسینی "ئێلێگییه‌كانی دۆینۆ"ی ڕه‌ینه‌ر ماریا ڕیلكه‌ (١٨٧٥ – ١٩٢٦) بێت. ڕیلكه‌ له‌ زستانی ١٩١٢ له‌ كۆشكی "دۆینۆ" له‌ ئیتالیا ده‌ستی به‌ نووسینی ئێلێگییه‌كانی خۆی كرد. له‌ مێژووی ئه‌ده‌بی سوێدیشدا، دوو نموونه‌ی وه‌ها دیار هه‌ن، كه‌ له‌ لێكۆڵینه‌وه‌ی ئه‌ده‌بیدا ئاماژه‌یان پێ ده‌كرێ. ئه‌وانیش گوننار ئێكێلۆف (١٩٠٧ – ١٩٦٨) و توماس ترانسترۆمه‌رن. له‌ به‌هاری ساڵی ١٩٦٥ ئێكێلۆف و ئینگریدی ژنی سه‌فه‌ر بۆ ئیسته‌نبۆل و ئیزمیر ده‌كه‌ن. له‌وێ سه‌ردانی شوێنه‌واره‌ كۆنه‌كانی ئیمپراتۆری بێزه‌نتی ده‌كه‌ن و ئه‌م له‌ نزیكه‌وه‌ بینینه‌ی شوینه‌واره‌كان، سروشبه‌خش ده‌بێ بۆ نووسینی "سیانه‌ی دیوان".

لای "توماس"یش ڕێك ئه‌زموونی وا هه‌یه‌. له‌ چه‌ند شیعرێكدا به‌ ڕوونی دیاره‌، كه‌ سه‌رچاوه‌ی سروشی شیعره‌كان، بینینی ته‌لار و كڵێسا كۆنه‌كانه‌. له‌ شیعری "كۆشك"دا، كه‌ له‌ كاتی سه‌فه‌ری توماس و مۆنیكای ژنیدا، بۆ ئیتالیا نووسرا. له‌وێ له‌ شاری

"پادووا/ پادوڤا"دا، چوونە ناو تەلاری Palazzo della Ragione و زۆر بەو پەیکەرە گەورە و بێ سوارەی ئەسپێک سەرسام بوو، کە لە ئاسن دروست کرابوو و لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا دانرابوو.

"چووینە ناوەوە. یەک تاکە هۆلی زۆر گەورە،
بێدەنگ و چۆڵ، لەوێ ڕووبەری زەوی
وەک شەختەی جێهێشتراوی یاریی خلیسکێن بوو.
هەموو دەرگاکان کلۆمدراوون. هەوا خۆڵەمێشییە."

"پەیکەرێک لە بۆشایی دانرابوو:
ئەسپێک بە تەنیا لە ناوەڕاستی هۆڵەکە وەستاوە،
بەڵام سەرەتا هەستمان پێی نەکرد
کە ئەو هەموو بۆشاییە داگیری کردین."



ئەسپە گەورەکەی پادوڤا

شیعری "تاقی ڕۆمانی"یش پێوەندی بە سەفەرێکی شاعیرەوە هەیە لەگەڵ "مۆنیکا"ی ژنیدا بۆ ڤینیسیا لە بەهاری ١٩٨٧ و لەوێیشەوە بۆ شاری ئەسولۆ. ئەمە لە نامەیەکی "توماس"دا دەردەکەوێت، کە بۆ ئاوازدانەر "ت. یانێفێلت"ی ناردووە و مێژووی ٦/٢٦- ١٩٨٧ ی لەسەرە. ڕۆژێک پێش گەڕانەوەیان بۆ سوێد، لە ڤینیسیا دەمێنێتەوە و لەوێ سەردانی کلێسای سان مارکۆ دەکەن.

لە ناوەوەی کلێسا گەورە ڕۆمانییەکەدا، گەشتیارەکان لە ناو تاریکیدا ئاخنرا بوون.
تاق لە دوای تاق کرایەوە و بەرچاو دیار نەبوو.
گڕی چەند مۆمێک ترپەترپیان دەکرد.
فریشتەیەکی بێ ڕووخسار لە باوەشی نام و
بە هەموو جەستەیەوە چرپاندی:
"شەرم مەکە لەبەر ئەوەی کە مرۆڤیت، سەربەرز بە!



کلێسای سان مارکۆ لە ڤینێسیا.

ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ مۆنیکا بلاد، کە تەمەنی ١٨ ساڵ بوو، بوون بە ژنومێر و هەر هەمان ساڵ بەم بۆنەیەوە سەفەریان بۆ ئیتالیا و میسر کرد. شیعری "کۆشک" و "دێلتای نیل" بەرهەمی ئەم سەفەرانەیان بوون. هیی دووەمیان لەو شیعرە دەگمەنانەیە، کە شاعیر باسی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەکات لە میسر. لە شیعرەکەدا دەڵی:

"ژنە گەنجەکە دوای ڕۆژێک گەڕان لە شاردا
لەوێ بینی نەخۆشەکان دەخشان و کەوتبوون
منداڵیش لەبەر هەژاری دەمردن
لە هوتێل ڕێک بە سەر خواردنەکەیدا گریا."

شیعرەکە باسی کاردانەوەی مۆنیکا دەکات، دوای ئەوەی ڕۆژێک لە شار دەگەڕێن و لەوێ خەڵکی هەژار و پەککەوتە دەبینێ، کە دەگەڕێنەوە هوتێلەکەیان بۆ ئەو خەڵکە هەژارە گریاوە. مۆنیکا هیچی لەبارەی هەژاریی و بەدبەختی ئەم وڵاتەوە نەزانیوە.

لە نێوان ساڵی ١٩٦٩/١٩٧٠ دا، لەسەر داوای ئینستیتوتی سوێدی، دوو جار بۆ چەند وڵاتێکی ئەورووپای ڕۆژهەڵات سەفەری کرد. مەبەست وا بوو پێوەندی لەگەڵ نووسەرانی ئەم وڵاتانەدا دروست بکات. لەم سەفەرانەیدا لە نزیکەوە باری ناهەمواری نووسەر و هونەرمەندانی بینی. ئەورووپای کۆمۆنیزم، ئەورووپای ڕاونان و سێنسۆر بوو بۆ ئەو نووسەرانەی باوەڕیان بە سیستێمی کۆمۆنیزمی نەبوو. شیعری "بۆ هاوڕێیانی ئەو دیوی سنوورێک"، بەرهەمی ئەو سەفەرانەی بوو.

"نێوان دێڕەکان بخوێنەوە. دوای ٢٠٠ ساڵی تر یەکدی دەبینینەوە
ئەوسا میکرۆفۆنەکانی ناو دیواری هوتێلەکە لە بیر کراون و
ئیتر دەتوانن بنوون، ببنە ئۆرتوسێراس."

## یادەوەرییەکان دەمبینن

ئەمە ناوی ئەو کتێبە بچووکەیە، کە تێیدا وێنەی چەند یادەوەرییەکی منداڵیی خۆی دەکێشێت و ساڵی ٢٠٠٠٠ بڵاوی کردەوە. هاوینە هەوارەکەی، لە "دوورگەی ڕووننار"ە و

Runnarö و خانوێکی شینە، بە میرات بۆی ماوەتەوە و ئێستایش لە پشووی هاویندا دەچێتە ئەوێ. ئەم خانووە لە چەند شیعرێکدا دەردەکەوێت و باسی سروشتی دەوروبەری دەکرێت. لە شیعری "دەریای بەلتیکی"دا، Östersjöar کە شیعرێکی درێژە و ساڵی ١٩٧٤ بڵاو کرایەوە. تێیدا بابەت فرە ڕەهەندە؛ سیاسی و بیۆگرافی. ڕەهەندە سیاسییەکەی ئەوەیە باسی کێشەی وڵاتانی بەلتیک دەکات، کە دوای شەڕی دووەمی جیهانی، سۆڤیێت داگیری کردن و بە شێوەیەکی زۆر توند نەتەوەکانی چەساندەوە. ڕەهەندی بیۆگرافییشی ئەوەیە، باسی یادەوەرییەکانی خزم و کەسیەتی، بەتایبەت باپیرەی لە دایکییەوە، کە دەریاوان بووە و بە دەریای بەلتیکدا گەشتی کردووە. توماس بۆ ئەم شیعرە سودی لە یادەوەریی خۆی و ڕۆژژمێری باپیرەی وەرگرتووە، کە تێیدا مێژوو، ناوی کەشتی و بەرەو کوێ گەشتی کردووە، نووسراوە. بەڵام توماس خۆی دیار نییە. خوێنەر لە چاوی ئەوەوە ژیانی ڕابردووی خێزانەکەیان دەبینێ.

با ئەم ئاماژە و تێگەیشتنانە، ڕێچەکەیەک بن و بمانبەنەوە سەر ڕێگەی توماسناسی و لەوێیشەوە بەرەو جیهانی ئەومان ببەن. با بە گوتەی سکرتێری هەمیشەیی ئەکادیما، نووسەر و مێژوونووس "پێتەر ئێنگلوند" کۆتایی پێ بهێنم، کە لە گوتاری سیمیناری نوبێلدا، لەبارەی شیعرەکانی "توماس"ـەوە گوتی: "شیعری باش شتێکی بە دەستەڵاتە. دەتوانێ بۆ ئەبەد تێگەیشتنمان بۆ جیهان بگۆڕێ، ڕۆشنتر، ڕوونتر و تیژتری بکات/.../ بەڵام ئەوەیش کە شیعری گەورە مەزن دەکات، هەر ئەوە نییە کە شتێک لە جیهاندا بوونی هەیە ڕوونتری دەکات، یان دەیخاتە بەرچاو، بەڵکە توانایشی هەیە سنوورەکانی ئەم جیهانە فراوانتر بکات. دەستەڵاتەکە لێرەدایە/.../ئیتر بە سوپاسمەندییەکی تایبەتەوە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ لە حوزووری تۆدا وەستاوین. چونکە تۆ جیهانی ئێمەت زۆر دەوڵەمەندتر و زۆر زۆر گەورەتر کردووە."

ڕزگار شێخانی
ستۆکهۆلم ٢٠١٣